مرۆڤ ئازادیی خۆی فرۆشتووە
کریشنا مۆرتی
مرۆڤ ئازادیی خۆی فرۆشتووە
سەرەتایەک بۆ تێڕوانینی کریشنا مۆرتی سەبارەت بە ژیان و مردن، ئازادی و ئەوین، هەڵاتن لە خود و پەیوەندی نێوان بەهاو خوو...

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (55)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی
مرۆڤ ئازادیی خۆی فرۆشتووە
نووسینی: کریشنا مۆرتی
وەرگێڕانی : یاسین عومەر
بابەت: لێکۆڵینەوەی عیرفانی
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان
هەڵەچنی: وەرگێڕ
ژمارەی سپاردن: (569)ی 2004
مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

پێڕست
پێشەکی 7
ئامانج لە خۆناسی چییە؟ 9
هەڵاتن لە خود.. 23
پەیوەندیی بەها و خوو.. 30
هەڵبژاردن و ئازادی.. 36
مردن چییە وا مرۆڤ دەبێت لێی بترسێت؟ 48
من لە مردن دەترسم، مردن چیە؟ 61
بۆچی لە مردن دەترسین؟ 66
تا لەکات و ئەوین نەگەین، لەمردن ناگەین 69
ئەگەر بە یەقینەوە دەستپێبکەیت،
بە نایەقین دەگەیت.. 83

پێشەکی
جیدۆ کریشنا ساڵی 1895 لە هندستان لەدایکبووە. لە سیانزە ساڵیدا لەلایەن ئەنجومەنی تیوسفییەوە وەک مامۆستایەکی جیهانی بۆ گواستنەوەی ڕێنمایی پێویست هەڵبژێردرا، کەسێک کە پێشتر دەرکەوتنی ڕاگەیەنرابوو. کریشنا مۆرتی دواتر وەک مامۆستایەکی بە توانا و شێلگیر و لە باسکردننەهاتوو

دەردەکەوێت، کە قسە و نووسینەکانی وابەستەی هیچ ئاینێکی تایبەتی، چ خۆرهەڵاتی و چ خۆرئاوایی نەبووە، بەڵکو جیهانی بووە. کریشنا ساڵی 1929 لێبڕاوانە، نکوڵی لە وێنای مەسیحئاسایانەی خۆی کرد و بەشێوەیەکی وروژێنەرانە ئەو ڕێکخراوی پارەدارییەی شەرمەزارکرد کە بە چواردەوریدا دروستببوو و ڕایگەیاند کە (هەقیقەت وڵاتێکی بێ شەقام)ە و ناتوانرێت لە ڕێگەی هیچ جۆرە ئایین یان فەلسەفە یاخود حزبێکی ڕەسمییەوە لێی نزیک ببینەوە.
کریشنا مورتی، لەوەبەدوا و بەدرێژایی تەمەنی، ئەو بۆچوونەی ڕەتدەکردەوە کە کەسانی دی هەوڵیاندەدا جێگە و مەقامی ڕۆحیانەی بدەنە پاڵ. ئەو لەهەموو جیهاندا بێشومار گوێگری بەرەو لای خۆی ڕاکێشا، بەڵام بانگهەڵخەری هیچ جۆرە مەرجەعیەتێک نەبوو، هەروەها خوازیاری هیچ جۆرە موریدێک نەبوو و هەمیشەش تەنیا وەکو کەسێکی ئاسایی لەگەڵ کەسانی بەرامبەریدا گفتوگۆی دەکرد. چەقی قورسایی ڕێنماییەکانی هاتنەدی ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانەی کۆمەڵگە بوو کە تەنیا لە ڕێی ئاڵوگۆڕپێکهێنان لە خودئاگایی تاکەوە دەتوانێت بەدیبێت. ئەوەی کریشنا مۆرتی جەختی بەردەوامی لی دەکردەوە، پێویستی بە گرنگیی خۆناسی، پەیبردن بە پایەدارییە ئایینیە دیاریکراو و جیاکەرەوەکان و مەرجبەندبوونی ملیگەرایانە هەبوو. ئەو هەمیشە پێداویستیی دەستبەجێی ئازادی و سنگفراوانی و دەستبەجێ وەگەڕخستنی "ئەو وزە لە تەسەورنەهاتووە شاراوەیەی پانتایی فراوانی مێشک"ی وەبیردەهێنایەوە. وادەردەکەوێت ئەم وزەیە، هەمان سەرچاوە و کانگای داهێنانی خودی ئەو بووە، و بۆ سەقامگیریی پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵێکی ئاوا جۆراوجۆری مرۆڤەکاندا وەک کلیلی چارەسەرکەر بووە.
کریشنا مۆرتی، تا ساڵی 1986، واتە تا ساڵی کۆچی دواییشی، بێ پسانەوە لە سەرتاسەری جیهاندا لەگەڵ کەسانی تردا گفتوگۆی کرد. قسە و گفتوگۆ و دەستنووس و نامەکانی لەتوێی زیاتر لە 60 کتێبدا کۆکراونەتەوە.

ئامانج لە خۆناسی چییە؟
بۆچی بە دوای خۆناسیدا دەگەڕێین؟ دەمانەوێت چ شتێک بناسین؟ خود یانی چی؟ ناسینی خود چ دەردێکی ئێمە تیماردەکات؟ ئایا لەم ڕێگایەدا ڕاستگۆین یان بەدوای سەرگەرمییەکی تازەدا دەگەڕێین؟ بەم پێیە، سەرەتا بەرلەوەی پێ بنێینە ئەم ڕێگا دژوارەوە، دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بزانین. ئەگەرنا، ماوەیەک لە کاتی خۆمان بەفیڕۆدەدەین! ڕەنگیشە سەرلێشێوانێکی زۆرترمان ببێت بە تووشەوە.
زۆر بە سادەیی و بە کورتی مەبەستی ئێمە لە خۆناسی ئەوەیە کە ناکۆکیەکانی ناوەوەی خۆمان بناسین؛ ئەو ناکۆکیانەی ئارامییان لی هەڵگرتووین، بەڵام ئایا ناسینی ئەم ناکۆکیانە دەردێکی ئێمە دەرمان دەکەن؟ وەڵامەکە بەدڵنیاییەوەو بەشێوەیەکی یەکجارەکی نەخێرە.
بێگومان ئەگەر مەبەسمان بێت ناخی خۆمان بپشکنین، دەبێت لە جیهانی ناوەوەی خۆمان بەئاگابین و بزانین ڕەگوڕیشەی دڵەڕاوکێکانمان لەکوێدایە؟ هۆکاری ترسەکانمان چین؟ ڕق و توڕەییەکانمان لەکوێوە دێن؟ لەبەرئەوەی ئەم میکانیزمە لە بوونی ئێمەدا دروست بووە. ئەمڕۆ ئێمە بەم تایبەتمەندییانەوە ژیان دەبەینەسەر و ئەوانی تر(خەڵک)یش لە دەوروبەرمان بەم تایبەتمەندیانەوە مامەڵەمان لەتەکدا دەکەن. هەرچەندە لێکجوداکردنەوەی هەستەکان و ئارەزوەکان لەخۆناسیندا بڕێک بە لاڕێماندا دەبات، بەڵام ناچارین سەرەتا هەندێک بەلاڕێدا بڕۆین تا کاتێک هاتینەوە سەر ڕێگەی بنەڕەتی، لەگەڕانەوە بۆ لاڕێکان خۆمان بپارێزین!

لە بنچینەدا بزاوتی ئێمە بۆ ژیان، بزاوتێکە لەسەر فەلسەفەی بکوژە تا خۆت زیندو بمێنیتەوە ڕاوەستاوە. ڕەنگە هەندی لە لێکۆڵەران و خوێنەران ڕەخنەبگرن و بڵێن ئێمە ژیان وا نابینین. دەڵێین ئەوەی کە دەستی لە بەربەرەکانی کێشابێتەوە، نابێت چیدی بە ناکۆکی ژیان بەرێتە سەرو دەبێت لەگەڵ خەڵکیدا سازشی هەبێت. بونەوەرێکی ئاوا بێ رق و کینەیە، هیچ ترس و توڕەیی و سوکێتی تیادا نییە، مرۆڤێکە بێ گرێ و گۆڵ و بێ سنور هەست بە ئاسودەیی دەکات و لەخۆوەڕا سەرمەست و دەمبەپێکەنینە.. بەڵام ئایا لە دنیای ئێمەدا بەڕاستی دەتوانرێت لەم جۆرە کەسانە ببینرێن؟ بێ ئەوەی بمانەوێت بەشێوەیەکی رەها قسەبکەین، دەڵێین ئێمەی مرۆڤ زۆربەمان گرفتاری ناکۆکی و دەرگیریی دەرونین. کەواتە دەمانەوێت دنیای شتە ناکۆکەکان بناسین و ئەگەر بکرێت خۆمان لەو ناکۆکیانە رزگاربکەین، تا لەم تەمەنە کورت و تیژ تێپەڕەدا تووشی ئەم هەموو ئازار و چەرمەسەرییانە نەبین. ئێستا لەکوێوە قسەوباس لەمەڕ خۆناسی دەست پێبکەین؟ تاقە دەروناسێک کە ناکۆکیە ناوەکیەکانی مرۆڤی ڕێک وەکو میناتۆرێک وێنەکێشاوە، خاتوو (کارن هۆرنای)یە. ئێمە سیستەمی دەروناسیەکەی ئەو دەهێنین کە دەتوانێت لە دواجاردا لەخۆناسی ئێمەدا کاریگەر و بەسود بێت، بەڵام هەر لەم هەنگاوی یەکەمەوە دەڵێین خاتوو هۆرنای بە حەزو ئارەزوو و هەستە ناکۆکەکانمان دەناسێنێت و میکانیزمی بەرگرییەکانمان لەبەرامبەر خەڵکیدا نیشان دەدات و ڕیشەی توڕەییمان ئاشکرادەکات. هەروەها باس لە ناکۆکیە بنچینەییەکانمان دەکات، کە بە کاکڵەی گرفتە رۆحیەکانمانی دەزانێت و بەجۆرێک لە جۆرەکان لەمەڕ خودی ڕاستەقینەو خودی نمونەیی قسەدەکات، پەردە لە ڕوی نافەرمانی لە خودو خۆسەرزەنشتکردنەکانمان هەڵدەماڵێ، بێ ئارامی و دڵەڕاوکێکانی خۆمانمان نیشان دەدات و بەڕێگەیەک لە ڕێگەکان ترسەکانمان شیکار و شیتەڵ دەکات. لە ڕاستیدا بە ڕۆشنی لەمەڕ نیشانەو ئاکامەکانی ئەم ناکۆکیانەمان دەدوێت.

سەرباری هەموو ئەمانە، ئەوەی بەم سیستمە خۆی دەپشکنێ و لەخۆی دەکۆڵێتەوە، دواجار بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە. چونکە ئەگەرچی خۆی دەناسێت، زانیاری لەسەر هەستیارییەکانی خۆی بەدەستدێنێت، ترسەکانی خۆی بەڕوونی دەبینێت، بەڕونی هەست بە خۆبەکەمزانین دەکات، لەکاتی خۆیدا میکانیزمەکانی بەرگری خۆی دەبینێت، ئەو ناکۆکیە ناوەکییەکانەی خۆی دەبینێت کە لە کێشمەکێشی ئەم حەزو ئارەزو و هەست و باوەڕانەوە ڕودەدەن، کەچی هیچی لەدەست نایەت. واتە تەنها لە کۆتایی ڕێگەکەدا سەیردەکات ڕێگاکەی روناککردۆتەوەو ئەم دیاردە خەیاڵییانە دەبینێت و لەم ناسینەی خۆی سەرسام دەبێت، بەڵام ئەم ناکۆکیانە هەروا لەجێی خۆیاندا ماونەتەوە. هێندە نەبێت کە بەجۆرێک لەجۆرەکان لە بوونیان ئاگاداربۆتەوە. جارێک لە خاتوو کارن هۆرنای دەپرسن ئێوە ئەم هەمووە لەمەڕ تایبەتمەندییە دەرونییەکانی مرۆڤ قسەدەکەن و زۆر ورديش دەدوێن و رەنگە جگە لە ئێوە هیچ توێژەرێکی دەرونی نەیتوانیبێت بەم جۆرە قوڵە بە وردەکارییەکانی ناوەوەی مرۆڤدا ڕۆچوو بێتە خوارەوە، بەڵام ئەی بۆچی لەمەڕ ڕێگەی رزگاربوون لەم ناکۆکیانە نادوێن. خاتوو هۆرنای لە وەڵامدا دەڵێت هەر ئەوەندەی ناکۆکیەکانی ناخی خۆت ناسی ئەوە خۆی لە خۆیدا دەرمانە[1]. خاتوو هۆرنای لەبەر یەک هۆ ڕاست دەبێژێ، ئەویش ئەوەیە کە ناسین زەمینەی چارەسەرکردن ئاسان دەکات، بەڵام ناکرێت ئەوە قبوڵبکرێت کە ئەمە کتومت چارەسەرەکە بێت، چونکە زۆرێک لەو کەسانە، کە بۆ ناسینی ناکۆکیە ناوەکیەکانی خۆیان سود لە دەرونشیکاری وەردەگرن، نەخۆشن، لەبەر ئەوەی هەمووان دوچاری ئەم ناکۆکیانەن. بەم پێیە، ئەم وشەیە لەروی دڵنیاییەوە بەکاردەهێنم- بۆ چارەسەر کردنی خۆیان سودیان لەم سیستەمە وەرگرتووە، سەرئەنجام دوچاری سەرلێشێواو بوون. ئەم شێوازە ڕێک دەمخاتەوە یادی کتێبی (سیزیف) ی ئەلبێر کامۆ. یان چیرۆکی ئەو مێرولەیەی کە بەوپەڕی ناخۆشییەوە دەنکە تۆوێک تا سەری سەرەوەی دیوارێک دەبات و دوبارە دەنکە تۆوەکە لە سەرەوە دەکەوێتە

خوارەوەو ئەم کارە هەزاران جار دوبارەدەکاتەوەو هەمیشە سەرسامە کە بۆچی کارەکە کۆتایی نایەت! لە سیستەمی دەرونشیکاری خاتوو هۆرنایدا هیچ کاتێک کار کۆتایی نایەت و هەمیشە مرۆڤ لە سەرەتای کارەکەدایە! ئەگەرچی زانیاریگەلێکی دەربارەی پێکهاتی دەرونی خۆی و خەڵکی بەدەستهێناوە. هەندێ جاریش ئەوانەی توتیئاسا سودی لی وەردەگرن لە هەموو تاقیکردنەوەیەکدا روبەڕوی شکست دەبنەوە!

سەرجەمی سیستەمە دەرونشیکارییەکەی خاتوو هۆرنای لە کتێبی "ناکۆکیەکانی ناوەوەمان"دا دەبینین، کە زۆر رون و ڕاشکاوانە هاتووە. کورتەکەی ئەوەیە کە: "ڕەگ و هەستەی توڕەیی لە منداڵدا لەلایەن کەسانی دەوروبەرەوە دروست دەبێت. بەم واتایە بە هۆی سوکایەتی و سوک کردن، ترساندن، ستەم، زۆرلێکردن، زۆر بڵێیی، سەختگیری، گوێنەدان بە لاوازییە سروشتیەکانی منداڵ و حەز و ئارەزووە تایبەتییەکانی، متمانەبەخۆ و بەبوونیی، سست و لاواز دەکات. هەموو مەسەلە ئاڵۆزە رۆحییەکان، کە دواتر سەراسەری ژیانی کەسی توڕە خراپ دەکات، لە ڕەوتێکی ئاوها سادەوە دەست پێدەکات[2]." منداڵ پاشی ئەوەی تۆوی ناکۆکیی سەرەکی تیادا دروستبوو، بۆ ئەوەی لە ئازاری کەسانی دی بەدووربێت سێ ڕێگە بەکاردێنێت، یان سۆزخوازدەبێت، واتە بەپێی دڵخوازی کەسانی دی ڕەفتاردەکات، یان دەبێتە کەسێکی مەزنیخواز، واتە حەز و ئارەزوو وحاڵاتی ئازایانە (بەدەم وپلی لەقسەکردندا) دەنوێنێ، یاخود گۆشەگیردەبێت، واتە بۆ هەڵاتن لە ئازاری کەسانی دی پەنا بۆ گۆشەیەک دەبات و بازنەی پەیوەندییەکانی خۆی زۆر سنوردار دەکاتەوە. ناکۆکیی بنەڕەتیش لە دەرونی منداڵدا لە بەریەککەوتنی ئەم سێ حەز و ئارەزووەوە سەرهەڵدەدات، هاوکاتیش منداڵ رق و توڕەیی خۆی سەرکوتدەکات و حاڵەتێکی ئاڵۆزی و دڵەڕاوکێیەکی هەمیشەیی پەیدادەکات. لەم بێنەوبەرەیەدا منداڵ بۆ ئەوەی لە نافرمانیکردنی خۆی و خۆسەرزەنشتکردن پارێزراوبێت، خودێکی نمونەیی بۆ خۆی دروست دەکات، بۆ ئەوەی لەئازاری دەرونی خۆی دوربخاتەوەو تا ئەو شوێنەی کە بتوانێت هەوڵدەدات خودە واقیعیەکەی خۆی لەبیربکات. ئاشکرایە لەم ڕێگایەدا سەرکەوتوو نابێت، چونکە مرۆڤ لەگەڵ (خود)ی واقیعیدا دەژی، یان هەمیشە ناچاری ڕوبەڕوبوونەوەیە لەگەڵ خودی واقیعیدا. هەڵاتن لە خودی واقیعی مەحاڵە. ئەمە شتێکە تەنها لە بۆشایدا دەشێت، شوێنێک کە کەسی تیا نەبێت. لاساریی دەرهەق بەخۆی هەر لەم ناکۆکیەوە دێتەئاراوە یان توندەبێتەوە. لەبەر ئەوە منداڵ ناتوانێت خواست و حەزو ئارەزو و ئاواتەکانی خودە نمونەییەکەی بەدیبهێنێت. ئەمەیە کە هەمیشە چەپێنراو و ترسێنراو دەمێنێتەوە و رۆژ بەرۆژ بی متمانەتر دەبێت بەخۆی و ئەم جۆرە هەستی خۆبەکەمزانینە لەودا ڕەگێکی قوڵ ومکۆم دادەکوتێ. ئەم پێکهاتە بەرگرییەی منداڵ، ئاکامگەلێکیشی بە دواوەوەیە، ئەویش جۆرەکانی ترسە، حەساسیەتەکانە، زوو زیزبوونەکانە، تەمەڵی و سستیەکان و پێشنەکەوتنی واقیعیە، لاوازی ویست و بڕیارە، ناڕەزایەتییە لە ژیان، حەسودی زۆرە، ڕەزیلییە، لە هەمووی گرنگ تر ئارەزوە سادییەکانە کە لە مرۆی توڕەدا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی خۆی لە هەمووان بەزەبرپێکەوتوتر دەزانێت! با دوبارە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای بابەتەکە، خاتوو هۆرنای سەرباری لێوەشاوەییەکەی لە ناسینی توڕەییدا هەستی بەوە نەکردووە یان نەیزانیوە کە پاش ئەوەی مرۆڤ لە میکانیزمەکانی بەرگری خۆی و شوێنەوارو کاردانەوە دەرونییەکانی خۆی لەم جیهانە شێواو و بەسەریەکدا ترشاو و بێ پێوەرە ئاگاداربووەوە، دەبێت چی بکات؟ خاتوو هۆرنای دەیەوێت بە ناسینی مرۆڤ یان دەرونشیکاریی مرۆڤ هاوسەنگی واقیعی بۆ مرۆڤ بهێنێتەئاراوە کە مەحاڵە، لەبەرئەوەی مرۆڤ خوی بەم خەسڵەتانەوە گرتوەو لەسەریان ڕاهاتووە، هەر بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە و خولدەخوا لەگەڵ ترس، ڕق ، حەسودی، توڕەیی، بێزاری، چاوچنۆکی و چەندین تایبەتمەندی تری لەو چەشنە.. شتێکی تر ئەوەیە کە خاتوو

هۆرنای ئەم شوێنەوارو تایبەتمەندیانە بە حەقیقەت دەزانێت. سێیەم ئەوەی کە ئوسوڵەن چۆنی دەشێت مرۆڤ لەگەڵ ئەو ئایدیالانەی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ لەبەر پێی ئەوی دادەنێت و هان ودنەی دەدات دەستیان بۆ درێژبکات، لەدڵەڕاوکێ، نیگەرانی، ڕق، تورەیی و نەفرەت بەدووربێ! واتە ئایا ئێمە دەبێت تا دواین ڕۆژی ژیان بە تەڵقینداندان خۆمان سەرگەرم بکەین؟ ئەگینا مرۆڤێک کە لە ناکۆکیی هەمیشەییدایە لەگەڵ چواردەورەکەی –چ ناکۆکیی ناوەکی و چ ناکۆکیی دەرەکی– ئەم مرۆڤە چۆنچۆنی دەتوانێت ئاسودەو ئارام بژێت؟ دوژمنایەتی و دژایەتی لە ژیانی ئەودا لەچارنەهاتووە و بەرئەنجامی ئەم دوژمنایەتییەش واتە ترس، نیگەرانی، دڵەڕاوکێ، کینە، نەفرەت، تۆڵەسێنی، پیلاندارێژی، خۆخۆری، هەستی ستەملێکراوی، هەستی کەمێتی و هەمیشە مرۆڤ کاردانەوەگەلێکی میکانیکی لەبەرامبەر ئەم هەستانەدا هەیە. ئیدی مرۆڤ دۆستی مرۆڤ نیە! ئایا دەرونشیکاری یان خودشیکاری دەبێت تا کۆتایی تەمەن درێژەی هەبێت؟ ئەمەیان دژی مەبەستە، کەواتە دەبێت کەی مرۆڤ بەڕاستی بژێت!

گۆڕینی روانگە بۆ ژیان

مرۆڤ دەبێت روانینی خۆی بۆ ژیان بگۆڕێت. ئەمە سەرەتاو کۆتایی خۆناسیە. مرۆڤ دەبێت ڕوانینی بۆ خۆی بگۆڕێت، هەروەها تێڕوانینی بۆ کەسانی دیش بگۆڕێت. ئەگەر تا ئێستا بەپێشداوەریی و قەزاوەت(حوکمی لەوەوپێش)ەوە دەیڕوانییە خۆی یان کەسانی دی، ئەوا ئێستاو دوا بەر بەم ڕەوەندە فیکری و هزرییە بگرێت! بە یەکجاری دەست لەم هەموو دەربڕین و لێکدانەوەو شیکردنەوە و شیکارکردنە هەڵبگرێت. مرۆڤ پێویستی بەیەک گۆڕان و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە هەیە؛ شۆڕشێک کە پێودانگێکی تێدا نیە و لە هیچ قوتابخانەیەک یان سەرچاوەیەکەوە خۆراک وەرناگرێت. مرۆڤ دەبێت کەسایەتی خۆی لەبەرچاونەگرێت و خۆی لە هەموو ڕابردووی خۆی پاک بکاتەوە و خۆی لە هەموو تایبەتمەندیەکانی ڕوتبکاتەوە. مرۆڤ دەبێت دەست لە (بوون) بشوات. خۆشیکاری بەشێکە لە (بوون)ی مرۆڤ! ڕێـککردنەوەی کەسایەتیە، یاریکردنە بە خەیاڵ و وێنا، سەرگەردانیە لەنێو بەها ڕێژەیی و گۆڕاوو ناکۆکەکاندا! مرۆڤ دەبێت پێداویستیە دەرونیەکانی خۆی، کە بەشێوەیەکی مەرجبەند هاتونەتە ئاراوە، پشتگوێ بخات یان خۆی بخاتە هەلومەرجێکەوە کە نەیەوێت وەڵامدەرەوەی پێداویستیە عەسەبیە دەرونیەکانی خۆی بێت، واتە ڕێگەی مەرجبەند بوونی(شرگی شدن) مێشک بگرێت، چونکە مرۆڤ بەقوڵی بەڕابردویەوە گرێدراوە. تێگەیشتن لەم ڕاستیە ڕێگەی خۆناسین ئاسان دەکات. مرۆڤ دەبێت پێوەرەکان تورهەڵدات. مەبەست ئەو پێوەرانەیە کە هۆکاری سەرەکی ناکۆکیە دەرونیەکانی مرۆڤن لە سەرتاسەری جیهاندا! سەرقاڵبوون بە تیۆرەکانی دەروونناسیەوە مرۆڤ بە خۆی ناناسێنێت، بەڵکو مرۆڤ لەگەڵ گریمانەو تیۆریگەلێکدا ڕێدەکات. واتە دیسان بەڕێگەیەک لە ڕێگەکان مرۆڤ گرێدەداتەوە. لە حاڵێکدا کە مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی بناسێت دەبێت خۆی لە گرێدانەوە بە دنیاوە رزگاربکات و دور لە خەیالات و گومان بژێت. لەڕاستیدا قوڵڕۆچوون بە نێو خوددا یاریکردنە بە خەیاڵ! خۆ ئەگەر زیادەڕۆییمان نەکردبێت، ئەوا دەبێت بڵێین لوتکەی خۆناسی لە دەرونشیکاریدا، کە لەگەڵ قوتابخانەکەی خاتوو هۆرنایدا پەیوەندی هەیە، هەر هەمان یاریکردنە بە خەیاڵ و تەوەهومات.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە خۆناسی دەبێت ببێتە مایەی گۆڕینێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا. خۆ گەر پێکهاتە کۆمەڵیەتیەکان هەربەم شێوەیە بمێننەوە، ئەوا جۆرە تەنهایی و خەڵوەتێک بۆ ئەو مرۆڤە دروستدەبێت کە دەیەوێت دور لە دەروونناسی لەگەڵ عیرفاندا بیباتە سەر. هیچ گرفتێکیش نیە، چونکە پێداویستیە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ وەڕودەکەون، مرۆڤ چیدی وابەستەی پێداویستیە عەسەبیەکان (دەمارییەکان)ی خۆی نابێت! مرۆڤ لە ڕەوەندی خۆناسیدا لە ناخی خۆی ئاگاداردەبێتەوەو هەست دەکات لە مێشکی خۆیدا سەنتەرێکی پێکهێناوە کە بەتەواوی گوێڕایەڵیەتی. هەڵبەتە ئەم سەنتەرە، کە

لە پێشەوە دروستکراوە، کەم و زۆر بەتێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت، بەڵام کەرەستە سەرەتاییەکان جێگیرن. مرۆڤ لە ڕەوەندی خۆناسیدا بۆی دەردەکەوێت کە وێنەگەلێکی زەینیانەی لە بارەی ئەوانی(کەسانی) ترەوە هەیە! وێنەگەلێک کە دروستکراوی سەنتەرەکەیە. وێنەگەلێک کە مرۆڤ بۆ ڕوبەڕوبوونەوە لەگەڵ ئەوانی دی خوڵقاندونی. ئیدی ئەوەی کە مرۆڤ تێڕوانینێکی زەینی بۆ خۆیشی هەیە، بەپێی ئەم تێڕوانینەیە کە دەربارەی خۆی داوەری دەکات. مرۆڤ لە ڕەوەندی خۆناسیدا تێدەگات گرێدراوی ئایدۆلۆژیاو باوەڕە، داب ونەریتە کۆمەڵیەتیەکان تا سەر ئێسقان ئەویان جڵەوکردوە و لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگەکەی خۆیدا ئولفەتی هەتاهەتایی گرتوە. ڕەچاوکردنی ئەم بەهایانە بۆ ئەو حوکمێکی ئیجباری و بە زۆری پەیداکردوە. مرۆڤ تێدەگات کە زۆرێک لە ناکۆکیە ڕۆحیەکانی ئەو ئەمڕۆ ئیدی ملکەچکردنە بۆ باوەڕگەلێک کە ڕەسەنایەتیان نیەو دەست و پێ گیرن و مرۆڤ لە ترسی ئەوانی دی ناچاری ڕەچاوکردنیانە! مرۆڤێک کە خاوەنی بەهای تایبەتی خۆیەتی و دەیەوێت بەپێی ئەو بەهایانە نەژی کە لەو کۆمەڵـگەیانەدا هەن، دەبێت لە ڕێگای دەرونشیکارییەوە دەست بەخۆناسین بکات! لەبەرئەوەی پێویستی بە سەرگەرمی و سەرقاڵی هەیە، بەڵام مرۆڤێک کە دەیەوێت بە شێوەیەکی یەکجاری لە نەهامەتیە دەرونیەکان و ئازارە دەرونیەکانی خۆی ڕزگاری ببێت، جگە لە پاڕانەوەو پەنابردنە بەر خۆپاکژکردنەوە هیچ چارەیەکی نیە، عیرفان خۆپاڵاوتنی مرۆڤە لە(من) یان لە(سەنتەر)[3].

هەڵاتن لە خود

هەمووومان و هەریەکەمان بە جۆرێک لە خود هەڵدێین."خود"[4] لە بوونی ئێمەدا بوونەوەرێکی وەڕسکەرە و ناهێڵێت ساتێک ئارام بگرین. بەشێوەیەک دەژین کە بوونی "خود" بۆ ئێمە مەسەلەیەکە زۆر سروشتی "خود"مان بەهێز، بەدەسەڵات، کاریگەر، سەرکەوتوو، لە شکان نەهاتوو، دەوێت، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز و بە درێژایی ژیانی خۆمان نایبینین تەنانەت ڕۆژێک و بگرە سەعاتێکیش ڕۆحیەتمان ئارام و بێ گرێ و گۆڵ بێت. بەردەوام لە ناکۆکی و یەک نەگرتنەوەدا ژیان دەگوزەرێنین. هەم لە دژایەتیکردنی خوددا، واتە بەشگەلێک لە خود لە دژایەتی بەشەکانی تردایە. سەرباری ئەوەش هەر ئەم "خود"ە لە ململانێی هەمیشەیی دایە لەگەڵ کەسانی دیدا. ڕەنگە کەم کەس هەبێت پەی بەو ڕاستییە بردبێت کە ژیانی ڕاستەقینە جیاوازە لەو یارییانەی شەو و ڕۆژ "خود" دەیانکات. ڕەنگە کەمتر لە خۆمان بپرسین: ئایا ئەمەی ئێمە دەیگوزەرێنین ژیانە یان جۆرە تاوان و گوناهێکە؟ ئایا ژیان ئەمەیە؟ ئەم پرسیارلەخۆکردنە پێشکەوتنێکی گەورەیە کە بۆ ئازادیی خود لە چنگی خەیاڵات و تەوەهومات بەدەستمانهێناوە، بەڵام ئێمە لە جیاتی ئەوەی ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین دێین لە خۆمان هەڵدێین. هەڵاتن لە خود بۆتە بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی ئێمە. بە هەزاران ڕێگە و شێواز لە خود هەڵدێین تا ژەهر و تاڵیی ئاکام و بەرئەنجامی دەستپێشخەریی و خەیاڵاتەکانیی (واتە دەستپێشخەری و خەیاڵاتەکانی خود) نەبینین. ئەمەش بێئاگا لەوەی کە بۆ هەرلایەک هەڵدێین خود بە هەموو ناوەڕۆک، گرفتاریی، سەرگەردانیی و وەڕسکردنەکانیەوە لەگەڵمان دێت. لەبەر ئەمەیە لە هەر کوێیەک بین نیگەرانین. ئەم نیگەرانییە بەشێکە لە تایبەتمەندی و بەرژەوەندییەکانی خود. هەر لە بنەڕەتەوە خود لەگەڵ ئەم بەرژەوەندییانەدا دروست بووە. هەوێنی خودیش هەر ئەمانەیە.
کەواتە هەڵاتن لە خود بی ئاکامە. دەبێت خود بناسین و بە ناسینی خود سنورەکەی تەسکتربکەینەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان، تا ئەو شوێنەی کە دەستدەدات، لەدەست "خود" ڕزگارمان بێت. لە ڕاستیدا

بە ڕزگاربوون لە "خود"، لەو زیندانەی کە بە ناوی "ژیان"ەوە دروستمان کردوە دەربازمان دەبێت. دەبینە بوونەوەرێک بێگومان لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازیمان دەبێت و ژیان بەو شێوەیە نابینین کە ئەوان دەیبینن. زمانێکمان دەبێت، واتە جۆرێکی تر دەدوێین. چاوی ئێمە بەو شێوەیە نابینێت کە خەڵکانی دی دەیبینن. گوێی ئێمە بەو جۆرە نابیستێت کە کەسانی تر دەیبیستن. بەبێ "خود" یان "خودێک" کە لەگەڵ بەهاکاندا بێگانەیە، جا چ باش بی یان خراپ، ژیانی ڕاستەقینە تاقیدەکەینەوە. بەبی (خود) چیدی لە بارەی دڵەڕاوکێوە شتێک نازانین. هیچ شتێک لە ڕق و کینە تێناگەین. لە نائارامیی دەروونی ڕزگاردەبین. وابەستەبوونی ئێمە بۆ مرۆڤ و بێگیان لەناودەچێت. دەبینە مرۆڤێک کە کەم تا زۆر سەربەخۆیە و لە واتای سەربەخۆیی مرۆیی تێدەگەین. ئەو شتەی کە لە منداڵییەوە بە نرخێکی هەرزان تالآنفرۆشمانکردوە[5].

لە حاڵەتێکی وادا هەڵاتن لە "خود" واتای خۆی لە دەستدەدات. دەبینە بوونەوەرێک ئارام و ئاسودە. بۆ هەڵاتن لە خود و لەو شوێنەی کە تیایداین هۆکار و پاڵنەرێکمان چنگ ناکەوێت. کات بۆ ئێمە مانایەکی تایبەتی دەبێت. مانای کات، کە بۆ مرۆڤگەلی (مەرجبەندبوو) گرنگ و پێویستە، لە دید و مێشکی ئێمەدا دەمرێت. چیدی کات دابەش ناکەین بۆ کاتی جەنگیز، مەغۆل، تەیمور، هێتلەر و ستالین. ئەم دابەشکارییە تەنیا بۆ خەڵەتاندنی خود خەڵق بووە. هەستدەکەین لەناخی ئێمەشدا جەنگیز و مەغۆلێک شاراوەنەتەوە. تەنیا جیاوازی ئێمە لەگەڵ جەنگیزە ڕاستەقینەکەدا ئەوەیە کە جەنگیزەکەی ناو ناخی ئێمە نوستووە و حاڵی حازر بوار و هەلی دەرکەوتنی نیە. ئیدی نیشانەکان لەسەر کات و شوێنەکان هەڵدەگرین. جەنگیز هەرگیزاوهەرگیز و بە تەنها خۆی نەبۆتە ئەنجامدەری ئەم هەموو تاوانە، ئەوە ئێمە بووین کە لە لەشکرەکەی جەنگیزدا بە بیانوی بیر وباوەڕ و وڵات و دەسەڵاتەوە مرۆڤمان کوشتووە و ئەمڕۆش لە لەشکرێکی تردا سەرقاڵی هەمان کاری قێزەونین.

ڕەنگی هەنگاوهەڵهێنانەوەکانمان گۆڕاوە. بیانووەکان هەمان شتن. ئەمڕۆ هەوڵەکانی ئێمە شکڵیان گۆڕیوەو لە شوێنە جیاوازەکاندا بە شێوە و شێوازی تر شەڕ لە دژی مرۆڤەکانی تر درێژەپێدەدەین. شەڕی مرۆڤ لە دژی مرۆڤ درێژەی هەیە. ژیانی ئێمە بەبێ ئەم شەڕو مشتومڕانە مانایەکی نییە. لەم ڕێگەیەوە مانا بە ژیانی خۆمان دەدەین. ڕەنگە ئەگەر ڕۆژێک ژیانمان لە هەوڵ و شەڕ وشۆڕ بەتاڵ بێت، ئەوا ماندوو و نائومێد ببین. چیرۆکی خەماوی ئێمە ئەمەیە. کێشەکە "خود"ە، گرفتەکە "خود"ە. واتە ئەو مەسەلەیەیە کە ئێمە خۆمان بە ناوی "من"ەوە دروستمان کردوە.

خود ئێمە سەرگەردان دەکات. ئێمە تەنیا سەرگەردانییەکانی خۆمان دەبینین، دڵەڕاوکێی خۆمان دەبینین، دڵنیگەرانییەکانی خۆمان دەبینین، نائومێدی و ڕەشبینییەکانی خۆمان دەبینین، لەخۆباییبوون و فیزی خۆمان دەبینین، نەفرەت و ڕقەکانی خۆمان دەبینین.. هەموو ئەمانە دەبینین، بەڵام ئەو بوونەوەرە نابینین کە سروشتەکەی هەر لەمانە پێکهاتووە و ئاوارەی وڵاتانی جۆراوجۆرمان دەکات. بۆ هەستکردن بە ئاسودەیی، لەم شوێنەوە بۆ ئەو شوێنی تر دەڕۆین، بەڵام کارەکەمان چارەسەر نابێت. لەم کار بۆ ئەو کار دەگەڕێینەوە، بەڵام نیگەرانییەکەمان هەروا دەمێنێتەوە. لەم هاوسەر بۆ ئەو هاوسەر بادەدەینەوە ،کەچی کێشەی پەیوەندییەکانی ئێمە چارەسەر نابێت. ئێمە هەرگیز پرسیار لە خۆمان ناکەین کێشە بنەڕەتییەکە لە کوێدایە؟ ئێمە بەدوای چییەوەین؟ لەچی دەگەڕێین، بۆ ناگەین بە ئارامی و ئاسایش؟ پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە بۆچی هەرگیز ئەم پرسیارە لە خۆمان ناکەین.

تاکە شێوازێک کە لەم ڕاستایەدا هەڵیدەبژێرین هەڵاتنە. ژیانی ئێمە دەبێتە هەڵاتن. هەڵاتن بۆ کوێ و لەچی؟ ئەوەی کە دەڵێن بۆ هەر جێیەک دەچیت ئاسمان هەمان ڕەنگە، ماناکەی ئەوەیە تۆ بۆ هەر شوێنێک بڕۆیت "خود"ەکەت لەگەڵ خۆتدا دەبەیت و ئاسمان بە هەمان شێوە دەبینی و هیچ لە

مەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە تۆ هیچ نەگۆڕاوی. تۆ خۆت بە هەمان شێوە دەوێت و بەهەمان شێوەش دەمێنیتەوە.
بە کورتییەکەی هەڵاتن لە خود هیچ کێشەیەک چارەسەرناکات. دەبێت خود بناسین و پێویستیە عەسەبییەکانی (دەمارییەکان) خود بناسین. دەبێت گرفتارییەکانی خۆمان بناسین. دەبێت نەخۆشی و دەردەکانی خۆمان بناسین. دەبێت پێشهات و ئاسەوارەکانی خۆمان بناسین. بە تێگەیشتن و ناسینی ئەم تایبەتمەندییانەیە کە خود بە تەواوی دەناسین و دەتوانین لە وەڕسکردنەکانیی دەرباز ببین.
لەم ڕێگەیەدا پێویستیمان بە ئیرادەیەکی پۆڵاین هەیە. دەبێت هەست بە زەرورەتی ڕزگاربوون لە دەستی خود بکەین. دەبێت لەدەست وەڕسکردنەکانی خود بە تەنگ هاتبێت. دەبێت خوازیاری ژیانێکی بێ گرێ وگۆڵ بین. دەبێت خوگرتن بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و سەرقاڵییەکانی خۆمان لەگۆڕبنێین. دەبێت لەم ڕێگەیەدا کۆشش بکەین و لەجیاتی هەڵاتن لە خود، لە کۆمەڵێک هەڵبێین کە هێز و توانا دەداتە خود، گرنگی دەداتە خود، نرخ دەداتە خود و هانتدەدات کە "خودێکی" بەهێز و پتەوت هەبێت. دەبێت دەست لە کۆمەڵێکی وایی بشۆرێت. دەبێت لەم مەیدانە بچینە دەرەوە. ئێمە خۆمانمان بۆ خۆدەرخستن دەوێت. ئێمە خۆمانمان بۆ ڕازیکردنی ئارەزووە سەرکوتکراوەکانمان دەوێت. ئێمە (خود)مان بۆ ئەوە دەوێت تا پەسەندمان بکەن، پێشوازیمان لێبکەن. ڕاستییەکەی ڕۆژێ خود بۆتە مایەی ئازاری ئێمە، ئەمڕۆش ئێمە دەمانەوێت ببێتە مایەی سەرفرازی و سەربڵندیمان. لە حاڵەتێکدا کە هەموو ئەمانە یاری و گەمەی "خود"ن. دەبێت لە فێڵوتەڵەکەکانی خود ڕزگاربین و لە گەمەکانی خود دەربازببین و هیوامان بە خود نەمێنێ.

## پەیوەندیی بەها و خوو

ئێمە ناتوانین بەها و خوو"عادەت" پێکەوە کۆبکەینەوە. یانی چی؟ عادەت ئەو شتەیە کە ئێمە لەسەردەمی منداڵییەوە خوومان پێوەگرتووە و هەستدەکەین ناتوانین خۆمان لە دوبارەبوونەوەی بدزینەوە. خووەکانی ئێمە تەنانەت دەشێت بەرئەنجامی غەریزەکانمان بن. دەتوانین زۆرێک لە عادەتەکانی خۆمان بژمێرین. ئێمە لەم گوتارەدا کارمان بەسەر ئەو عادەتانەوە نیە کە هزر و زنجیرەی بیرکردنەوەمان تێکنادەن. مەبەستی ئێمە لێکۆڵینەوەی عادەتگەلێکە کە لە کلتوری کۆمەڵگەیەکدا بە بەهایەکی باش ناژمێردرێت. ئائەمەیە کەسەکە هەم هەستدەکات ناتوانێت واز لەو خووە بهێنێت، هەم لەوەی کە عادەتی ئەو پێچەوانەی بەهای کۆمەڵیەتییە، یان پێگەی کۆمەڵیەتی و کاری ئەو تێکەڵوپێکەلڕ دەکات، هەستێکی ناخۆشمان لا دروستدەبێت. بۆ نمونە، کچێک کە زۆر کۆمەڵیەتییە یان لە ڕادەبەدەر قسەدەکات یاخود ناتوانێت بەهاکانی کۆمەڵگەیەک وەکو پێویست لەبەرچاوبگرێت، لە ڕوی دەروونییەوە لە گەلڕ بەها تایبەتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا لە ناکۆکیدادەبێت، دەژاکێ و توشی شێوان دەبێت. دەبێت هەمیشە ئاگای لە ڕەفتار و گوفتاری خۆی بێت. ئەم ناکۆکیە، کە هەڵقوڵاوی بەریەککەوتنی بەها و خووە، هەمیشە ئەو ئازاردەدات.
بەها، کەم و زۆر، لە بیر وباوەڕەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوەدەگرێ. سونەتەکانی کۆمەڵگە وەک بەها کۆمەڵیەتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی لێدێت. بەهاکان زۆربەی کات ڕویەکی پیرۆزکراویش وەردەگرن. حوکمدانی خەڵک لەسەر تاکەکان، هەڵقوڵاوی ئەم بەهایانەیە. ئێستا کە خوو پێچەوانەی بەهای لێدەرچووە دەبێت کەسەکە چی بکات؟
هەنگاوی یەکەم ئەوەیە بەڕۆشنی لەم ڕاستییە تێبگەین هەندێک لە خووەکانی ئێمە هەندێک جار لەبەرامبەر بەها سەقامگیرەکانی کۆمەڵگەکەماندان. پەی بردن بەم واقیعیەتە برێک وزەمان دەداتێ تا بەسەر گرفتەکانی ناخی خۆماندا زاڵببین. دەبێت لە خۆمان بپرسین: ئایا بەها کۆمەڵیەتییەکانی ئێمە

پیرۆز و ڕەها و سەرمەدین؟! دەبێت وەڵامی ئەمە بدۆزینەوە. چارەسەری کێشەکە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدایە. ئایا ڕەوابووە چەندین جار باجی ئەم بەریەککەوتن و ناکۆکیەمان داوە؟ دەبێت چی بکەین؟ خولق و خووی خۆمان بگۆڕین یاخود چاوێک بە ڕەوایەیی بەهاکاندا بخشێنینەوە؟
بۆ ئەوەی لە ناکۆکیی دەروونی دەربازبین، دەبێت ڕێگەیەک بگرینە بەر. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە بەهاکان بکۆڵینەوە و بزانین داخۆ پێشێلکردنی ئەو بەهایانەی ئەوەندە ئێمە ئازاردەدات لە کۆمەڵگەکانی تریشدا دەبێتە مایەی ئازاردانی خەڵکی؟ هەندێ جار سەرنجدەدەین بەم شێوەیە نیە. واتە "بەها" ڕێژەییە و ڕویەکی ئەبەدی و ئەزەلیشی نییە. بەهایەک لە کۆمەڵگەیەکدا پیرۆزە لە کۆمەڵگەیەکی تردا ڕێک بە پێچەوانەوەیە. کەواتە با چیدی خۆمان بەهۆی لەبەرچاونەگرتنی بەهایەک سەرزەنشت نەکەین. زۆر گرنگە لە سەرگەردانی بێینە دەرەوەو شەڕ بە خۆمان نەفرۆشین. واتە نەڵێین تاوانمان کردوە.
بەم شێوەیە لە جۆرە ناچارییەکی دەروونی ئازاددەبین. دەست لە خۆئازاردان هەڵدەگرین. کاتێ لە ناچارکردنی دەروونی بۆ وازهێنان لە خوویەک ڕزگاربووین، بەرهەڵستییە دەروونییەکانیش بۆ لەنێوبردنی ئەو خووە نامێنن. ئەمە زۆر گرنگە. باش سەرنجی بدەنێ. کاتی ئێمە، سەربارى حەزی دەروونیمان، دەمانەوێت واز لە خوویەک بهێنین، خێرا لە ناوەوە هەست بە بەرهەڵستییەک دەکەین، بەڵام کاتێ دانانیشین تا خووەکەی خۆمان هەڵسەنگێنین و حوکمی لەسەر بدەین و خووەکەی خۆمان بەناشیرین ناژمێرین و لە دەست قامچیی خۆسەرزەنشتکردن ئازاددەبین، ئەو کاتە دەتوانین بەویستی خۆمان نەک بەتۆپزی واز لە خووەکەی خۆمان بێنین. ئیدی بوون و نەبوونی خووەکە بەلامانەوە وەک یەکە.
بۆ وازهێنان لەو خووە هەست بە گوشاری دەروونی ناکەین. ئەم بێدەربەستییە دەبێتە مایەی ئەوەی چیدی مێشک بە دوبارەکردنەوەی خووەکە خۆی ڕازی نەکات. دیوتانە کاتێ منداڵەکەتان لە کارێک وریادەکەنەوە، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە حەزێکی تیا بێداردەکەنەوە. بەشێوەیەکی لائیرادی پەیامێک دەدەنە منداڵەکە کە ئەم کارە بکە. منداڵ ئەم پەیامە وەردەگرێت و زەینی بەم پەیامەوە سەرقاڵدەبێ. ناچارکردنێک کە لەم پەیامەدا شاراوەیە، دەبێتە مایەی ئەوەی کە منداڵ بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هانبدرێت.
کەواتە سەرەتا دەبێت بەها لە ڕەهابوون دەربێنین و قورسایی و گوشارەکەی کەمبکەینەوە، یان بەشێوەیەکی گشتی لە قورساییەکەی کەمبکەینەوە. سەرئەنجام ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خووەکەیشمان بۆ گرنگ نەبێت. کە خووەکەشمان بۆ گرنگ نەبوو، ئیدی دەست لە ئازاردانی خۆمان هەڵدەگرین. لەوەی کە بەهایەکمان ژێرپێ ناوە، خۆمان سەرزەنشت ناکەین. دەزانن هەر ئەم سەرزەنشتنەکردنەی خوود لە ڕوی دەروونییەوە چ هاوسەنگییەک دەدات بە ئێمە و بۆ تەندروست هێشتنەوەی کۆمەڵ چەندە بەسوود و دروستکەرە!
بینیمان کە هەنگاوی دووەم زانینی ڕێژەییبوونی بەهاکانە. واتە دەمارگیری و پێداگری لەسەر پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی بەهاکانمان لە زەینی خۆمان هەڵگرت. تێبینی هەنگاوی سێیەمیشتان کرد کە ڕاوەستانی هەستی خۆسەرزەنشتکردن بوو. هەنگاوی چوارەمیش وازهێنانی دڵخوازانەی بەرگرییەکان دەبێت لە بەرامبەر گۆڕیندا. لە هەمووی گرنگتر بینیمان کە ناکۆکیی نێوان خوو و بەها لەنێوچوو. چیدی خوومان لە بەرامبەر بەهایەکی پیرۆزدا دانەناوە تا لەبەر خاتری ئەو ئازاری خۆمان بدەین. حسابی ئەم دووانەمان لە یەکتری جیاکردۆتەوە. خوو، خووە و بەهاش بەها. ئێستا تەکلیفی خۆمان لەگەڵ هەر یەکەیاندا یەکالادەکەینەوە. ئەگەر خوو ئازار بە سەلامەتی ئێمە دەگەیەنێت، مافی کەسانی دی پێشێل دەکات، ئەوا بەحوکمی هەڵبژاردنی دەروونی و بەرپرسیاری خۆیی مرۆیی

کۆمەڵیەتی، وازی لێدێنین. لەبەرئەوەی لەم ڕێگەیەدا زۆرێکمان لەسەر نییە و ڕووبەڕوی بەرگریش نین. چیدیش پیرۆزی نادەینە بەها. بەهاکان لە کۆمەڵە جیاوازەکاندا هەن، هەندێک هاوبەشن و هەندێکیشیان ڕێک سەد وهەشتا پلە لەگەڵ یەکدا جیاوازییان هەیە. ڕەچاوی بەها مرۆییەکان دەکەین، مەبەستم ئەو بەهایانەیە کە لە ڕاستای بەرپرسی و ئەرکی مرۆیەکی کۆمەڵیەتیدا پەسەندە، بەهایەکیش کە بەزۆرە و بنەمایەکی ئەقڵیی لەپشتەوە نیە، بێگومان قابیلی ڕێزلێگرتن نییە، چونکە ئیمکانی پراکتیزەکردنی نییە. وەکو بەهایەکی نوسراو یان زارەکی لە هەوادا بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە، یان وەکو نمونەیەک لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە.

هەڵبژاردن و ئازادی

دیلی زنجیر چۆنچۆنی کەیف و سەفا بکات؟
داری شکاو لەکوی دەتوانێت ببێتە کۆڵەکە؟
مەولەوی

مشتومڕ لەسەر ئەمەیە کە ئاخۆ مرۆڤ ئازادە یان ئازاد نییە؟ سەرپشکە و هەڵبژاردنی هەیە یان نییەتی؟ ئەگەرنا نامانەوێت لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی دەستپێبکەین. باسەکەی ئێمە شتێکە لەدەردەدلڕ دەچێت. دەمانەوێت بزانین ئایا ئازادین یان ئازادنین؟ لەم باسەدا لەئەنجامگیرییەک زیاتر بەدەستناهێنین، ئەویش ئەمەیە: هەڵبژاردن ئاکام و بەرئەنجامی ئازادییە، ئازادیش ئاکام و بەرئەنجامی هەڵبژاردنە.

با ڕاشکاوانە بیڵێم، مرۆڤ ئازاد نییە. مرۆڤ بەدرێژایی سەدەکان ئازادی خۆی فرۆشتووە. مرۆڤ هێواش هێواش خۆی بەندکردووە. لەو کاتەوە کە مرۆڤ لەپێناوی ژیانی خۆیدا یاسا و بنەمای داناوە، ئازادی خۆی وەلاناوە[6]. لەوکاتەوە کە مرۆڤ ئایین و ئایدۆلۆژیای هێناوەتە نێو ژیانی خۆیەوە، ئازادی خۆی لەدەستداوە. ئەو کاتەی مرۆڤ پێوەر و بەهاکانی داهێنا، ئیدی هەڵبژاردنی بۆ نەمایەوە.

هەڵبژاردن هەمیشە هاوەڵ و جمکی ئازادییە. ئەو مرۆڤەی کە لە بەندیی ئایدیا و باوەڕدا ڕاوەستاوە، هەڵبژاردنی خۆی لەدەستداوە. ناکرێت بەرەو تراویلکەکانی ژیان بڕۆین و لەهەمان کاتدا باوەڕمان بە"ئازادیی هەڵبژاردن" هەبێت!

کام ئازادی و کام هەڵبژاردن؟ هەڵبژاردنی ئێمە لەسەر چ بنەمایەکە؟ لەپێشەوە بۆیان "هەڵبژارد"وین! واتە ئەوەی کە دەمانەوێت؛ ئایا لەپێشەوە بۆیان هەڵبژاردوین؟

وەک دەبینن دەبێت سەرنجبدەینە وتەزای "هەڵبژاردن"یش. ئێمە لەژیاندا ناچار بەهەڵبژاردنین. لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیاندا دەبێت دەستبەرین بۆ هەڵبژاردن. لەوەی دەیکەین، دەبێت هەڵببژێرین.ئەم هەڵبژاردنە لەپێودانگگەلێکەوە هاتووە کە هەر لەرابوردووەوە ڕژێنراوەتە مێشکمانەوە یان خۆمان ڕژاندومانەتە مێشکمانەوە، جیاوازی نییە. ئێمە هەموومان لەبەردەم هێرشی بەهاکانداین! ئەمڕۆ شەڕ لەنێوان بەهاکاندایە! خەبات لەسەر بەهاکانە! شەڕ لەسەر سەرکەوتن و باڵادەستیی بەهاکانە. بەداخەوە ئێمە قوربانیی ئەم شەڕەین. بەدەربڕینێکی تر، دەتوانین بڵێین بەهاکان، لەپێناوی سەقامگیربوون و جێگیربوونی خۆیاندا، ئێمە بەختدەکەن! ئێمەش لەم پرۆسەیەدا کەم و زۆر "ناسەرپشک"انە کاردەکەین! بەڕواڵەت سەرپشکین! بەڵام بەشێوەیەکی لائیرادی"ناسەرپشک"ین و زۆریش ناسەرپشکین!

بابڵێم ئێمە خۆمان فریودەدەین و خووشمان بەم خۆفریودانەوە گرتووە. نە لەگەڵ خۆماندا ڕاستگۆین و نە لەگەڵ کەسانی دیدا، هەندێ جار بێئاگاین لەوەیش کە لەگەڵ خۆمان و خەڵکیدا ڕاستگۆنین!

کەوتووینەتە ڕێگایەک، لەم ڕێگایەشدا بەپێی دەسەڵات و پشتگیریی خاوەندەسەڵاتەکان ئەسپی خۆمان تاودەدەین.
بەتۆپزی دەژین، بەتۆپزی پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵکی تردا هەیە، بەتۆپزی کەسانیدی دەکەینە قوربانی سوود و بەرژەوەندییەکانی خۆمان؛ ئەمە ناودەنێین: ژیان!

ئێمە هەموو شێر، بەڵام شێری زانست
هێرشمان لەبابێت دەم بەدەم.
"مەولەوی"
تا ئەوکاتەی ئازادنین، سەرپشک نین؛ تا ئەوکاتەیشی سەرپشکنین، ئازادنین. دوو وتەزای پێکەوەگرێدراو. بەپێی ئەمە هەڵبژاردنەکەیشمان، هەڵبژاردنێکی بێهەڵبژاردنە. هۆشیاری ئێمە پێشوەخت دیاریکراوە. سنووری زانینی ئێمە لەپێشەوە دیاریکراوە. ناتوانین بڵێین هۆشیاری و زانایی ئێمە لە سەرو بەهاو پێودانگەکانی ژیانەوەیە. ئێمە دیلی ترسگەلێکی نادیارین. دیلی تەوەهوماتێکین کە ژیان لەگەڵ تورەییدا بەسەرماندا سەپاندویەتی. ئەم ترسانەیە ئازادی و هەڵبژاردنیی لێ زەوتکردووین. ئەمەیە کە دڕندانە یەکتری کەلەپاچەدەکەین! ئایا تا مرۆڤ لەسەر زەوی بێت ئەم کەلەپاچەکردنەش بەردەوام دەبێت؟ ئەم بەردەوامبوونە بەرئەنجامی نەزانیی ئێمەیە، ئەو نەزانییەی کە نەبوونی ئازادییە. ئەو ئازادییەی کە دروستکەری هەڵبژاردنە.

کۆیلە لەباپیرانەوە تەماعی ئازادی هەیە
ئاشق هەتاسەر ئازادی نەوێت [7]
مەولەوی
کۆیلەین و بەدوای ئازادیدا وێڵین. ئەم چەمکە بەشێوەیەکی زمنی دەزانین. دەزانین کە دیلکراوین؛ دیلی نەزانی! نەزانی وشەیەکی گشتی و سەرتاپاگیرە. ناتوانم فراوانیی نەزانی خۆم بپێوم. ناتوانم چۆنیەتی نەزانی بگۆڕم بۆ چەندایەتی نەزانی. نەزانی ئێمە چۆنیەتییەکە کە هزری ئێمە دوچاری بووە. دوچاربوون بە نەزانی لە منداڵییەوە دەستیپێکردوە و ئێستاشی لەسەربێت کە خەریکین دەڕۆین (دەمرین) هەر درێژەی هەیە! هیچ کەسێ لەم ڕەوەندە نەپارێزراوە! ئاشق نین تا بەوپەڕی بوونمانەوە هەست بەئازادی نەکەین.
بەهاتنی ڕق ئازادیمان خستە لاوە. بەهاتنی کینە و حەسادەت ئازادیمان خستە لاوە. بەهاتنی چاودێری ئازادیمان خستە لاوە، بەهاتنی بەراوردکردن ئازادیمان خستە لاوە، بەهاتنی خۆبینین ئازادیمان خستە لاوە، بەتەشەبوس و لاسایی و بەڵگەهێنانەوە ئازادیمان خستە لاوە، بەدەرکەوتنی قین و شەهوەت ئازادیمان خستەلاوە، بەوەلاخستنی ئازادی بۆ هەمیشە هەڵبژاردنمان لەدەستدا! چما مرۆڤ دەتوانێت لە ترسدا هەست بەئازادی بکات؟ یان لەگەڵ بوونی ڕق لە مێشکیدا مرۆڤەکانی خۆشبوێت؟ بەوەلاخستنی ئازادی ژیانمان گۆڕی بۆ جۆرە یارییەک، بەردەوامبوونی ئەم یارییەشمان ناوناوە ژیان. بەردەوامی یارییەکە، واتە ژیان، بەردەوامبوونی ژیانیش، یانی بەردەوامبوونی یارییەکە.
ڕەنگە لەخۆمان بپرسین باشە: دەزانین ئازادیمان خستە لاوە، بەڵام ئەمڕۆ دەبێت چی بکەین؟ دەزانین کە هەڵبژاردنمان نییە، باوابێت، وەلی ئەمڕۆ دەبێت چی بکەین؟ دەڵێین: با ئەو ڕیگرییانە لابەرین کە لەبەردەم ئازادیی ئێمەدان، دەڵێین با ئەو پەردەیەی لەبەردەم هەڵبژاردنی ئێمەدایە هەڵیگرین، پاشان بزانین چی ڕوودەدات! بۆئەوەی لەم باسەدا بتوانین نارۆشنی و ئاڵۆزییەکان کەمبکەینەوە ڕاشکاوانە بڵێین کە ڕێگرییەکانی ئێمە دەروونییە! ئێمە بەحوکمی دەروون (ناخ) ڕووبەڕووی بەربەستین.

ئێمە بەحوکمی دەروون هەڵبژاردن لەخۆدا شک نابەین، بەڵام بەحوکمی دەروون لە هەڵبژاردندا بێ هەڵبژاردنین.

ڕەنگە هەندێ لەخوێنەران حەزبکەن نووسەری ئەم چەند دێڕە چەند پێناسەیەک بۆ ئازادی و هەڵبژاردن بداتە دەستەوە. با بەجورئەتەوە بڵێین کە ئێمە کۆیلەی پێناسە نین. دەبێت ئازادی و هەڵبژاردن لەخۆماندا هەستپێبکەین. دەبێت سەرچاوە و ژێدەری هەڵبژاردنی خۆمان لە هەموو شتێکدا بە ڕۆشنی ببینین!

دیەی خۆت شوێن ڕوانینی مرۆی سووک و ڕیسوا مەخە

چوون دەتکێشنە سەرکەلاکی تۆپیو ئەم داڵەکەرخۆرانە

مەولەوی

ئەوەی کە دەڵێم ئازادی مەسەلەیەکی دەروونیە، هەڵقوڵاوی ئەو هەقیقەتەیە کە ئێمە سەرەتا ڕێگریگەلێکمان لەسەر ڕێگەی هەڵبژاردندا نەبووە. بەڵکو ئەم ڕێگرییانەیان هێواش هێواش لەسەر ڕێگەی ئێمەدا چاندووە. باوک، دایک، هاووازییەکانمان، مامۆستایان، دەزگاکان، هەموو ئەم فاکتەرانە و فاکتەرگەلێکی تر ڕێگرییان لەسەر ڕێگەی ئێمە پێکهێناوە و ئەمڕۆ ئێمە لەناوەوە هەست بەقورسایی و سەرکوت دەکەین! ئەم هەست بەقورسایی و سەرکوتکردنە چییە؟ با لە خۆ ڕابمێنین تا بەڕۆشنی هەست بەم قورسایی و سەرکوتکردنە دەروونییە بکەین و کەمتر دڵ بەپێناسە و شیکردنەوە خۆشبکەین! بۆچی دەبێت دڵ بە زانیاری و یادەوەرییەکان خۆشبکەین؟ بۆچی نابێت بەهەست و ئیدراکی خۆمان و بێمیانجی لە مەسەلەکان تێبگەین؟ هەستبکەین کە ئازادنین و دەبێت بۆ هەر کار وکاردانەوەیەکی خۆمان بەهۆیەک قایلبین. دەڵێی هەمیشە لەپێناوی خەڵکیدا بەربەستمان لەسەر ڕێگای ئازادی و ئیرادەی خۆمان داناوە.

دەم بەدەم پێبەستراوی داوی نوێین

هەر یەک لە ئێمە گەر ببێتە باز یاسمرخێک

مەولەوی

چیرۆکی دیلبوونی مرۆڤ، چیرۆکێکی گەورەیە. دەکرێت بڵێین مرۆڤ لەم دیلێتییەدا پێداگری دەکات.

چونکە تۆ بوویتە گوڵخۆر هەر کە ئەو

دوژمن تۆ لە گولڕ دووردەخاتەوە

مەولەوی

باسی خووە، باسی نائاگاییە، باسی مەرجبەندبوونی مرۆڤە، باسی گۆڕینی مرۆڤە. باسی سەقامگیربوونی سەنتەرە لە هزردا، سەنتەرێک کە پارێزەری لەبەرکراوەکانە، پارێزەری ئەو بەهایانەیە کە جێگای پەسەندی ئێمەن، پارێزەری داراییەکانمانە، پارێزەری سەرمایەکانمانە، پارێزەری خوو و نەریتەکانمانە، پارێزەری ڕەوشی ئێستایە؛ ئەو ڕەوشەی کە ئێمەی ترنجاندۆتە نێو گوشار و ناخۆشیەوە [8].

ئازادی چییە؟ هەڵاتنە لە تەنگانەکان! وەلانانی هەموو میراتییەکانی ڕابوردووە، بەجێهێشتنی هەموو ئەو وێنانەیە کە لە هزردا کۆمانکردونەتەوە. ئەمە لەگەڵ قبوڵکردنی خوو و نەرینەکان لە ژیاندا یەکناگرێتەوە! ئەوەی وابەستەی پێکهاتە کۆمەڵیەتییەکانە، ناتوانێت چاوەڕوانی ئازادی و هەڵبژاردنی هەبێ؟ ئازادی و هەڵبژاردن بە وازلێهێنانی نەریتەکان دەبێت، بە وازهێنان لە خووەکان دەبێت، بە وازهێنان لەو سەنتەرانە دەبێت کە خەروارێ لە زانیاریان لە خۆیاندا کۆکردۆتەوە! لە ئازادیدا سەیرکردن بێ هەڵبژاردنە. کاتێ پەیوەندی نێوان سەنتەر و شتێکی دەرەوەی سەنتەر بپچڕێت چی دەمێنێتەوە؟ هیچ! ئازادی ڕێکردنە بەناو هیچدا! ئەوەی کە بمانەوێت ژیان بەشێوازی ڕابوردوو

درێژپێبدەین و یەخسیری بۆ نموونە "نمرە"ی منالّی تۆ و منالّی من بین، قسەیەکی بەلاشە! ئەوەی کە بەحەسرەتی مدالیا و بڕوانامە و ناوونیشان بمێنینەوە و ئومێد و تەوەقوعی ئازادیمان هەبێت ئەمە جۆرە فریوێکە کە بەدرێژایی تەمەن ئەسیری بووین! ئازادی یانی نەبەسترانەوە بە شتێکەوە. ئایا دەتوانن لە سەرمایەکانی خۆتان ئازاد بن؟ ئایا تا ئێستا ئەم پرسیارەتان لەخۆتان کردووە؟ هەنگینێ چەمکی ئازادیتان بۆ حەلبوو، چەمکی هەڵبژاردنیشتان بۆ حەلدەبێت. وەختێ مرۆڤ لە ڕێگرییەکان ئازادبێت خۆبەخۆ مرۆیەکی خاوەن هەڵبژاردنە! مرۆڤی خاوەن هەڵبژاردنیش مرۆڤێکە بەگیان و دڵی خۆی هەست بەبەرپرسیاری دەکات. بەرپرسیارییەک کە ئێمە بە لەدەستدانی ئازادی و هەڵبژاردنی خۆمان لە منداڵییەوە خستومانەتە لاوە.

لە دەروونی خۆتدا بۆ کانی بگەڕێ

تا لە منەتباری هەر قسەیەکی ناخۆش ڕزگارت بێت.

مەلی خۆتی، ڕاوی خۆتی، داوی خۆتی

سنگی خۆتی، ڕایەخی خۆتی بانی خۆتی

جەوهەر ئەوە بێت کە لەسەر پێی خۆی وەستاوە

ئەو کۆڵەکەیە بێت کە بۆتە لقێکی ئەو

مەولەوی

دەبێت ئەوە وەلابنێین کە وەکو نەخۆشی تووشی بووین. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ناوەڕۆکی خۆمان و گەڕانەوە بۆ ناوەڕۆک دروشمی ئێمە بێت! هەرچی هەیە لە دەروونی ئێمەدایە. کانیی بوونی ئێمە لە چاوەڕوانی پاکی و پاکژبوونەوەی نوێدایە. بەجورئەت و هێزەوە لەمە تێبگەین.

دەزانی بۆچی ئاوێنەکەت ڕۆشن نییە

چونکە زەنگارەکەی لە ڕوخساری جیا نییە

مەولەوی

ئەمەی کە ئاوێنەی بوونی تۆ ڕۆشن و تیوار نییە، هۆکەی ئەوەیە کە ژەنگگرتوویەتی. ژەنگ چییە؟ یادەوەری تۆیە. ئەو یادەوەرییەی کە لە منداڵییەوە تۆی وەکو پوشێک سەرگەردانکردووە. نازانیت ڕێگەت کامەیە و چاڵوچۆڵت کامەیە. خۆت لەڕەگەوە هەڵکێشاوە.

کەی بەندی بەندیخانە ئازادە

کەی گرفتاری بەڵا شادمانە

مەولەوی

مردن چییە وا مرۆڤ دەبێت لێی بترسێت

سیاتل، 3ی ئوگۆستی 1950

پرسیارکەر: مردن چیە وا مرۆڤ دەبێت لێی بترسێت؟

کریشنا مورتی: ئایا دەزانیت مردن چیە؟ ئایا ئێوە لە مردن دەترسن؟

پرسیارکەر: بەڵی ئەی چۆن، من دەترسم.

پرسیارکەرێکی تر: نەخێر ناترسم.

کریشنا مۆرتی: ئایا ئێوە لە بەکۆتاییگەیشتن ناترسن؟ بەم پێیە بێ، دەبێت زۆر لە ژیان تێر بن؟! ئەگەر مردن بە کۆتاییگەیشتن نەبێت ئەی کەواتە چیە؟ ئایا ئێوە لە وازهێنان لە هەموو بیرەوەری و ئەزموونەکانتان و ئەو کەسانەی خۆشتان دەوێن، کە لە ڕاستیدا هەموو ئەمانە خودی ئێوەن، ناترسن؟

پرسیارکەر: ئێمە مردن ناناسین، ئێمە تەنیا شتێک کە دەیزانین ئەوەیە کە مردنی کەسێکی تر چیە.

کریشنا مۆرتی: بەڵگەنەویستە مردن شتێکە ئێمە نایناسین، ئێمە تەنیا دەتوانین بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تاقیبکەینەوە. مردن واتە کۆتاییهاتن لە ڕوی دەروونی و جەستەییەوە.
پرسیارکەر: ئێمە کارێکمان بەسەر شێوەی مردنەوە نیە بەڵکو کارمان بەسەر گرفت و مەسەلەی ترس لە مردنەوە هەیە.
کریشنا مۆرتی: جا کەوابێ ڕێگەبدەن پێکەوە بچینە سەر ئەم کێشەیە و بەیەکەوە تاقیبکەینەوە و کەشفی بکەین. ئێمە لە مردن دەترسین، ئێمە لە شتێک کە بە شێوەیەکی تایبەت و ئیجابی دەیناسین ناترسین. ترس تەنیا پەیوەندی بە شتێکەوەیە کە نادڵنیایە و دەشێت زەرەرمەندمان بکات و ئاسایشمان لێ هەڵگرێت. مردن نادڵنیاییەکە، هەر لەبەرئەوەشە کە لێیدەترسین. ئەگەر ئێمە بمانتوانیبایە هەموو ناوەڕۆک و بایەخی مردن و واتای ئەوەی کە لە پشت ئەوەوەیە، بناسین، لەو حاڵەتەدا هیچ ترسێکمان نەدەبوو، وایە یان نا؟ بەم پێیە چۆنچۆنی دەتوانین بزانین مردن چیە؟ چۆنچۆنی ئێمە دەتوانین مردن لەو ساتەوەختەدا بناسین کە دەژین؟
پرسیارکەر: ئێمە چۆنچۆنی دەتوانین بەبێ تاقیکردنەوەی مردن، مردن بناسین؟
کریشنا مۆرتی: ئێمە دەمانەوێت تا یەک خولەکی تر لەم کێشەیە تێبگەین. پەیبردنی شێوازە زەینیەکان بۆ ئێمە کێشەیەکی گەورەیە!! زەین دەیەوێت نەزانی بگۆڕێت بۆ زانایی، ئەمە یەکێکە لە کێشەکانی ئەو. زەین دەڵێت: "ئەگەر من نەزانم کە دوای مردن چیە، دوچاری ترس و تۆقین دەبم، بەڵام ئەگەر تۆ بتوانیت من دڵنیابکەیتەوە کە بەردەوامییەک بوونی هەیە، ئەوا لەو حاڵەتەدا ئیدی من ناترسم". زەین بەدوای دڵنیایی و یەقینەوەیە، بەڵام مادامەکی بە دوای یەقینەوەین دەبێت ترسیش هەبێت. ئەوە مردن نیە کە ئێمە لێیدەترسین، بەڵکو ئێمە لە نادڵنیابوون دەترسین. ئێمە تەنیا کاتێک دەتوانین کاربکەین کە هەست بە ئاسایش دەکەین، خۆگەر ئەم هەستەمان لێ زەوت بکرێت، دوچاری ترس و تۆقین دەبین، بەم پێیە ئەگەر تێبگەین مردن چیە، ئەوا لە ترس ڕزگاردەبین.
پرسیارکەر: ئەگەر من وەک کۆتاییەک بڕوانمە مردن، ماتولڕ خوازیاری بەردەوامیم چۆنچۆنی دەتوانم هەست بە ئەمان بکەم؟ بە دەربڕینێکی تر چۆنچۆنی دەتوانم لە دەست حەزو ئارەزوم بۆ دڵنیایی ڕزگارم ببێت؟
کریشنا مۆرتی: مرۆڤ تەنیا کاتێ دەتوانێت دەربازبێت لێی کە سەبارەت بەوەی هیچ یەقین و دڵنیاییەک بوونی نیە، ئاگادار بێت.
پرسیارکەر: بەڵام ئێمە دەمانەوێت لە پەیوەند بە ئایندەوە یەقین ودڵنیا بین.
کریشنا مۆرتی: ئایا دەتوانین یەقینمان هەبێت؟ ئێمە دەمانەوێت دڵنیابین کە ئێمە لە رابوردوودا ژیاوین و لە داهاتوشدا بەردەوام دەبین. ئێمە دەتوانین هەموو ئەوەی کە کتێبە ئاینیەکان گوتویانە بخوێنینەوە، ئێمە دەتوانین گوێ لە ئەزمونی کەسانی تر بگرین و بەدوای متمانە و دڵنیایی میانجییەکانەوە بین، بەڵام ئایا ئەمانە ئێمە لە ترس ڕزگاردەکەن؟ مادام ئێمە بەشوێن یەقین و دڵنیاییەوەین، دەبێت لە نادڵنیاییش بترسین. تکایە سەرنجبدەن ئەمە ڕازێکی جینایی یان مەسەلەیەکی ئاڵۆز و ناڕۆشن نیە. گەڕان و توێژینەوە بۆ بەدەستهێنانی خاڵی بەرامبەر و کەسبی دژەتێزەکانی ئەوەی کە هەین و حەز بە خۆبەدوورگرتن و هەڵاتن لەوەی کە هەین، ترس دروستدەکات. وایە یان نا؟ بەم پێیە، ڕوون و ئاشکرایە ئێمە دەبێت پەی بەوەبەرین کە مردن چیە. مردن چیە؟ هەقیقەتی مردن بوونی هەیە و ئێمە دەڵێین لەو هەقیقەتە دەترسین. ئایا ترس بە هۆی ئەم هەقیقەتەوە دروست دەبێت یان بە هۆی وشەی مردنەوە یان ئەوەی کە هەست سەربەخۆیە لە وشە؟ ئێمە لە بەرامبەر وشەکاندا کاردانەوە پیشاندەدەین وشەگەلی وەکو خوا، ئەوین، کۆمۆنیزم و دیموکراسی لە ئێمەدا کاردانەوەگەلێکی عەسەبی و دەروونی تایبەت دروستدەکەن. وایە یان نا؟ کاتی

ئێمە باوەڕمان بە (خوا) هەیە و دەربارەی (ئەو) قسەدەکەین، هەست بە باشی دەکەین. وشەگەلی لە چەشنی مردن، ڕق، ئەڵمانیەکان، ڕوسەکان، هندیەکان و ڕەشپێستەکان، هەموویان لە ڕوانگەی ئێمەدا واتای نائاسایی قووڵیان هەیە. کەواتە دەبێت تێبگەین کە ئایا ئەو هەستەی ئێمە ناوی ترسی لێ دەنێین، واقیعیەتێکە یان تەنیا بەرئەنجامی ئەو وشانەیە کە بەکاریان دەهێنین.
پرسیارکەر: واقیعیەت واتایەکە کە ئێمە بە وشەکانی دەدەین.
کریشنا مۆرتی: وەرن پێکەوە لەم مەسەلەیە بکۆڵینەوە. ئەگەر ئێمە بەتاسەوەبین و بمانەوێت لە ترس ڕزگارمان بێت، دەبێت تێبگەین شێوەی ڕوانینی دروست لە پەیوەند بەوەوە چیە؟ ئێمە دەتوانین چەندین فاکتەری جۆراوجۆر ببینین کە ئێمە لەو شتە دەترسێنێت کە بە مردن ناویدەبەین، بەڵام نازانم ئایا لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری تر هەیە یان نا؟ ئایا خودی وشەی مردن لە ترسی ئێمە بەرپرس نییە، ئەویش بە بیانوی واتاو تەداعیگەلێک کە لە مێشک و زەینی ئێمەدا دروستی دەکات؟ تکایە سەرنجبدەن، چونکە لە ئەنجامی ئەم سەرنجدانەدا دەبینن شتێک لەم کێشەیە دەکەوێتەوە. وشەی (مردن) خودی مردن نیە، بەڵام سەرباری ئەمەیش ئەم وشەیە واتای زۆر گەورەی بۆ ئێمە هەیە، وانییە؟
پرسیارکەر: وشە ئاماژەی زمنی قەتعیەت و تەواوی لەخۆدەگرێت.
کریشنا مۆرتی: بەڵێ، هەروەها ئاماژەی زمنی تەواویەتی ترسە نەژادیەکان، ترسە چینایەتی و فەردیەکان. زەینی ئێمە نەک تەنیا بەهۆی ئەو وشەیەوە، بەڵکو بەهۆی چەندین وشەی وەکو، کاپیتالیزم، فاشیزم، شەڕو ئاشتی و زۆر وشەی ترەوە ڕاهاتووە. وشەکان سیمبول، تەسەورات، خەیاڵات بایەخێکی زۆر سەیریان بۆمان هەیە، تەنانەت زۆر تر لە واقیعیات. لەبەرئەوەی ئێمە بەبێ وشەکان ناتوانین بیربکەینەوە. وشە بۆچوون و سیمبولە، بیر؛ فۆنەتیکێکە، سیمبولسازییەکە، تەخەیولبازییەکە و تۆمەتهەڵدەبەستێت. ئەگەر ئێمە تەسەوراتی سیمبولەکان یان وشەگەلێکمان نەبووایە، هیچ بیرەوەرییەکیشمان نەدەبوو. بەپێی ئەمە ئەوە حەقیقەتی مردن نیە کە ئێمە لێیدەترسین، بەڵکو ئێمە لە وشەی مردن دەترسین. ئێمە هەروا هەستدەکەین ترس کاتێک دروستدەبێت کە زەین عادەتی کردبێت بە یەقین و دڵنیایی، ڕوبەڕوی نایەقین ببێتەوە. بە دەربڕینێکی تر، مێشک کە خۆی بەرئەنجامی زانین و رابوردووە، ڕوبەڕووی نەزانین و ئاییندە دەبێتەوە.
ئێستا پرسیاری دوای ئەوە ئەمەیە، ئەگەر ئێمە بەو هەستەی بە ترس ناودێری دەکەین نەمانوتایە (ترس)، ئایا هەر لە بنەڕەتەوە ترسێکی ئاوا بوونی دەبوو؟ ئایا هەست بەبێ وشەی (بوون) بوونی هەیە؟
پرسیارکەر: وشە تەنیا نازناوێکە بۆ هەست، ئێمە ملکەچین ناوێک بە هەست ببەخشین. ئەمە تەنیا ڕێگایەکە بۆ دیاریکردنی هەست.
کریشنا مۆرتی: کاتێ ئێمە ترس لە مردن لەبەرچاودەگرین، ئایا یەکەمجار هەست دێت یان وشە؟ ئایا وشە هەست دروستدەکات یان هەست سەربەخۆیە لە وشە. ئەم مەسەلەیە یەکجار گرنگە و ئەگەر بە قوڵایی ئەم مەسەلەیەدا ڕۆبچین شتێکی گرنگ دەبینین.

کاتێ ئێمە لەگەڵ هەقیقەتی مردن ڕوربەڕووین، ناوێکی پێ دەبەخشین. ناو؛ هەستی نایەقین بە ئێمە دەبەخشێت کە حەزمان لی نیە و دوچاری ترس وتۆقینمان دەکات، ئێستا مردن شتێکی تازەیە، هەقیقەتی مردن روبەروبوونەوەیەکی نوێیە، بەڵام سەرباری ئەمە هەرئەوەندەی ناوێکی دەدەینێ، دەیکەین بە شتێکی کۆن. هەر کاتێ مێشک هەقیقەتێکی تازە یان ڕوداوێکی نوێ و هەستێکی نوێ بەدەستدەهێنێت، یەکسەر ناوێکی لێ دەنێت، دیاریدەکات و پێناسەیدەکات. لەبەرئەوەی ئێمە

پێمانوایە ئەمە تاکە ڕێگەی پەیبردنی ئێمەیە بە شتەکان، واتە گۆڕینی شتێکی نوێ بۆ شتێکی کۆن. ئەمە تەنیا شێوازێکە کە مێشک کاری پێدەکات، ئەمە تەنیا کارێکە ئێمە بێ سێ و دوو ئەنجامی دەدەین. ڕەنگە ئەم کارە لائیرادییانە بێت، بەڵام بەهەرحاڵ ئەمە کاردانەوەی ئێستای ئێمەیە، مێشک ناتوانێت دەربارەی (نوی) بیربکاتەوە، بەم پێیە هەمیشە لە چوارچێوەی (کۆن)دا لێکیدەداتەوە. بیرکردنەوە پرۆسەیەکی فۆنەتیکمەندە، وایە یان نا؟ کاتێ ئێمە بەهۆی هەقیقەتێکەوە کە بە مەرگ ناوی دەبەین دوچاری بەرکەوتن دەبین، بەبیرکردنەوە لە بارەی ئەوەوە کاردانەوە پیشان دەدەین و ئەو زاراوەپێدانە ترس دروستدەکات.
ئێستا کێشەکە ئەمەیە: ئایا بواری ئەوە هەیە کاتێ ئێمە بەهۆی ئەو شتەوە کە ناوی (مردن)مان لێناوە و داوای بەربەرەکانیمان لێدەکرێت، هیچ کاردانەوەیەکی لەفزی پیشان نەدەین؟
پرسیارکەر: من دەڵێم نە ْ. .
کریشنا مۆرتی: ئەگەر هەوڵت نەداوە چۆن دەڵێی (بەڵێ) یان (نەخێر)؟
کاتێ من پرسیارێکی ئاوا لە ئێوە دەپرسم، ئێوە لەلایەن شتێکەوە بانگهێشتی بەربەرەکانیکردن دەکرێن و کاردانەوەی هەنوکەییتان ئەوەیە کە هەوڵبدەن وەڵامێک بدۆزنەوە، مێشکتان دەستبەکاردەبێت و یەکسەر وشە دەردەپەڕێتە دەرەوە. تکادەکەم بڕواننە مێشکتان و ببینن کاتێ شتێک لە ئێوە دەپرسن کە نایزانن، مێشک بێدەنگ نامێنێتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات پەی بە (نوێ) بەرێت و بێ پسانەوە بۆ بەدەستهێنانی وەڵامێکی دروست دەگەڕێتەوە بۆ لاپەڕە کۆنەکانی یادەوەری.
پرسیارکەر: ئاکامی لۆژیکیانەی بەڵگەهێنانەوەکەی ئێوە وەستانی پرۆسەی بیرە.
کریشنا مۆرتی: تکادەکەم وریای ئەوە بن ئەم بەڵگەهێنانەوەیە لۆژیکییانە نییە، بەڵکو ڕوانینێکی پراکتیکی واقیعیە. ئەگەر ئێوە تاقیبکەنەوە دەبینن چی ڕوودەدات. کاتێ مێشک ڕووبەڕووی شتێکی نوێ دەبێتەوە کە هیچ وەڵام و وشەیەکی بۆی نییە، بێدەنگ دەبێت. کاتی ئێمە شتێکی تەواو تازە دەبینین کە جیایناکەینەوە و ناتوانین بەهۆی شتێکەوە کە پێشتر زانیومانە بیناسین، ناوی لی نانێین، بەڵکو تەنیا تەماشای دەکەین، تا تێبگەین ئەو شتە چییە و لەودا چوارچێوەی سەرنجی هۆشیارانە، هیچ جۆرە زمانەوانییەک بوونی نیە، هەرئەوەندەی دەستبکەین بە لەفزمەندی هەر تاقیکردنەوەیەک لە تازەیی دەوەستێت و کۆن دەبێت، وایە یان نا؟
پرسیارکەر: ئەگەر تاقیکردنەوەکە تەواو تازە بێت، شتێک بوونی نیە کە کاری زمانەوانی دەربارەی بکرێت؟
کریشنا مۆرتی: بەدڵنیاییەوە، بەم پێیە ئەگەر ئێمە دەربارەی مردن کاری زمانەوانی نەکەین، ئەوا مردن شتێکی تازەیە. ئەگەرچی مردن وشەیەکە، بەڵام ناوەڕۆکی ئەو وشەیە و چۆنیەتی مەرجبەندبوونەکەی لی دەردەچێت، لەو حاڵەتەدا دەتوانین تەماشای مردن بکەین. ئێستا ئەو مەودا زەینییە کە بە هۆی نوێوە ناچار بە بەربەرەکانی دەبێت، بەڵام کاری زمانەوانی دەربارەی نەکراوە و بێ پسانەوە بە تەماشاکردنی بیرەوەرییە کۆن و لاپەڕە کۆنەکان بۆ بەدەستهێنانی وەڵامی دروست، کاردانەوە پیشان نادات چییە؟ ئایا مێشکێکی ئاواش نوێ نیە. شەرتی بوونە کۆنە تورهەڵدراوەکان، نیگەرانی و جۆش و خرۆشەکان نەماون و لێکۆڵینەوە و گەڕانی کۆتایی هاتووە، کاتێ بەربەرەکانیخوازی نوێیە مێشکیش نوێیە، ترس لەکوێیە؟
پرسیارکەر: مێشک نوێیە، بەڵام بەربەرەکانیخوازی تەنانەت بەبێ بوونی یەک ناویش هەر کۆنە.
کریشنا مۆرتی: مردن تەنیا کاتێ کۆنە کە ئێمە دەستنیشانی بکەین و بیناسین. ئێمە مردن لە ڕێی وشەکان و مێشکەوە، کە هەر هەمان مەرجبەندبوونی تاکە، دەناسێنین. مردن کۆنە، چونکە هەموو ئاماژەکانی ترس، بیر وباوەڕ، دڵخۆشیدانەوە و هەڵاتنی لەخۆگرتووە. ئێمە هەمیشە بە زانابییەوە لە

مردن نزیک بووینەتەوە، جۆری بیرکردنەوەی ئێمە جۆرێکی کۆنە، بۆیە ئێمە وەک مردن ئەو دەستنیشان دەکەین، بەڵام ئەگەر جۆرە ڕوانینێکی نوێمان هەبێت، ئەگەر بە مێشکێکی تازە و تەواو دابڕاو لە (کۆن)ەوە بەرەو ئەو بێین، شتەکە چیدی ئەو شتە نییە کە ئێمە بە مردن ناوی دەبەین، بەڵکو ڕەنگە شتێکی تەواو جیاواز بێت.

پرسیارکەر: هەتا ئەگەر ناوێکیشی نەدەینێ، دەبێت بزانین کە خەریکین سەیری چ شتێک دەکەین.

کریشنا مۆرتی: ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە من خەریکم پێشنیاری ئەنجامدانی دەکەم. وەرن هەوڵبدەن تا تێبگەن کە ئایا ئیمکانی ڕاوەستانی پرۆسەی لەفزمەندی و تەنیا تەماشاکردن بۆ مێشک بوونی هەیە؟

ئەگەر مێشک بتوانێت کارێکی ئاوا بکات، لەو حاڵەتەدا ئایا شتێک کە مێشک خەریکە تەماشایدەکات و تازەیە، جیایە لە خودی مێشک، مێشکێک کە خۆیشی تازەیە؟ ئایا لەنێوان تێکهەڵپژان و مشتومڕ و سەیرکەرێکدا کە دەڕوانێتە مشتومڕەکە نێوان و پۆلێنبەندی هەیە؟

پرسیارکەر: سەیرکەر مشتومڕەکە دروستدەکات.

کریشنا مۆرتی: ئێوە لە وەڵامدانەوەدا زۆر پەلەتانە، تکایە ئەوەی من دەیڵێم بە وشەکانی خۆتان ماناکەی لێکمەدەنەوە، چونکە لەو حاڵەتەدا هەموو ماناکەی لەدەستدەدەن.

پرسیارکەر: ئەگەر ئەوانە هەردوکیان تازەن لەو حاڵەتەدا چۆنچۆنی دەتوانین بڵێین ئەوانە یەکسانن یان جیاواز؟

کریشنا مۆرتی: ئایا کاتێ کە زەین نوێیە، مشتومڕ، کە خۆیشی نوێیە، لە دەرەوەی مێشکدایە؟

کێشەکە لەمەدایە، تا ئەو کاتەی ئێمە بە ڕاستی ئەوە تاقینەکەینەوە، ئەو شتە بچووکترین مانای بۆمان نییە.

ئەوەی نوێیە مردنی نییە، چونکە بەردەوام لە حاڵی (بوون-شدن)دایە و هەرگیز (کۆن) نیە، هەر بۆیە تەنیا (کۆن)ە کە لە بە کۆتاییگەیشتن دەترسێت. ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی قووڵ بە کرۆکی ئەم مەسەلانەدا بڕۆینە خوارێ، دەبینین مێشک نەک تەنیا دەتوانێت لە ترسی مردن ئازاد بێت، بگرە دەتوانێت لە هەموو شێوەکانی ترس ڕزگاری بێت.

تێبینی: ئەم گفتوگۆیە و گفتوگۆکانی (من لەمردن دەترسم مردن چییە، بۆچی لەمردن دەترسین، تا لەکات و ئەوین تێنەگەین لەمردن تێناگەین) لەم سەرچاوە فارسییەوە وەرگیراون:

مرگ، کریشنا مورتی، چاپ اول 1377 هجری شمسی، انتشارات بهنام،ێ91-98، لندن 12جون 1962، ترجمە: مرسده لسانی.

من لە مردن دەترسم، مردن چییە؟

ڤارناسی 17ی ژانویەی 1954

پرسکەر: من لە مردن دەترسم. مردن چییە؟چۆنچۆنی دەتوانم ترس لە مردن لە خۆمدا بکوژم؟

کریشنا مۆرتی: پرسیارکردن زۆر ئاسانە، هیچ وەڵامێکی "بەڵێ" یان "نەخێر" بۆ ژیان بوونی نییە، بەڵام هزری ئێمە خوازیاری ئەم"بەڵێ" یان "نەخێرە"یە، لەبەرئەوەی بەو جۆرە پەروەردەکراون کە بیر لەچی بکەنەوە نەک لەوەی چۆنچۆنی پەی بە شتەکان بەرن و چۆنچۆنی دیاردەکان ببینن. کاتێ دەڵێین"مردن

چییەو چۆنچۆنی دەتوانم لێی نەترسم"؟ لەراستیدا خوازیاری فۆرمۆل و پێناسەگەلێکین، بەڵام هەرگیز نازانین چۆنچۆنی لە پەیوەند بە گرفت و کێشەیەکەوە بیربکەینەوە.
روخسەت بدەن با پێکەوە بزانین: ئایا دەتوانین دەربارەی گرفت و مەسەلەیەکی وەکو (ترس لە مردن) بیربکەینەوە؟ مردن چییە؟ نەمان و راوەستانە لە بوون، یان بە دەربڕینێکی تر بەکۆتاییگەیشتنە. ئێمە دەزانین کە دواجار کۆتاییەک هەیە. ئێمە هەموو رۆژێ ئەم راستییە لە چواردەوری خۆماندا دەبینین. لەگەڵ ئەوەشدا نامانەوێت بمرین."من" هەمان ئەو پرۆسەیەیە کە دەڵێت"من خەریکم بیردەکەمەوە، من خەریکم زانستی خۆم تاقیدەکەمەوە." بەدەربڕینێکی تر"من" دەڵێت ئەو شتانەی چاندومن و ئەو شتانەی لەبەرامبەریاندا بەرهەڵستی دەکەم، هەروەها کەسایەتی، ئەزمون ، زانینی وردو راشکاو، توانا، جوانی وجەمال، بە کورتییەکەی دەمەوێت هەموو ئەمانە بپارێزم و نامەوێت ئەمانە تەواوبن. من دەمەوێت بەردەوام بم، من هێشتا کۆتایم نەهاتووە، من نامەوێت بەکۆتایی بگەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆتایی هەیە. بەڵگەنەویستە هەر ئۆرگانیزمێ کە لەحاڵی کارکردندایە دەبێت بەکۆتایی بگات، کەچی مێشکی من شتێکی لەم چەشنە قبوڵناکات. لەبەرئەوە دەستدەکەین بەداهێنانی جۆرە باوەڕێک و جۆرە بەردەوامییەک. من دەمەوێت ئەم باوەڕو بەردەوامییە وەرگرم لەبەرئەوەی ئەو تیۆری و هەلومەرجانەم کامڵکردوە کە تیایاندا بەردەوامیم هەبێ. یەکێ لە تیۆرییەکان ئەمەیە کە دوونایدوون بوونی هەیە. ئێمە لەو بارەیەوە چەلەحانێ و دەمەقاڵێ ناکەین کە ئایا بەردەوامێتی یان سەرلەنوێ ژیانەوە بوونی هەیە یان نا؟ گرفتی ئێمە ئەمە نییە. گرفتەکە ئەوەیە تەنانەت ئەوکاتەش کە ئەم باوەڕەت هەیە دیسان هەر دەترسیت. چونکە سەرباری هەموو ئەم قسانە هیچ یەقینێک بوونی نییە، بەڵکو هەمیشە نەبوونی یەقین لەئارادایە. لەبەر ئەوەی هزر بەناسینی کۆتایی و ترسان، تا ئەوجێیەی کە دەشێت؛ بە ژیانەوە دەلکێت و هەرچی زیاتر بەدوای هێورکەرەوەکاندا دەگەڕێت. مێشک، هەروەها باوەڕی بەبەردەوامی ژیان لە دوای مردنیش هەیە. ئێستا با بزانین"بەردەوامێتی" چییە؟ ئایا بەردەوامێتی پێویستی بە کاتە، کات نەک وەک کاتی رۆژمێری، بەڵکو مەبەست لە کات وەک یەک پرۆسەی دەروونناسییە؟ من دەمەوێت بەزیندووێتی بمێنمەوە لەبەر ئەوەی پێموایە ژیان پرۆسەیەکی "بەردەوام"ی بێکۆتاییە. مێشکی من هەمیشە بە بیانوی هیواداربوون بە بەردەوامی لە حاڵی زیادکردن و پاشەکەوتکردندایە. لەبەر ئەوە مێشک لە چوار چێوەی کاتدا بیردەکاتەوەو ئەگەر بتوانێت لە کاتدا" بەردەوامی" هەبێت، ئەوە ئیتر ناترسێت. لەناوچوون چییە؟بەردەوامی پێناسەی ئەو شتەیە کە ئێمە بە(نەفەوتان)ی دەزانین. "من" لە ئاستگەلێکی باڵاتردا - ئێوە ئومێدی ئەوەتان هەیە کە (من) بەدڵنیاییەوە بەردەوام دەبێت، بەڵام"من" تا ئێستاش لە چوارچێوەی بیردایە. ئایا وانییە؟ ئێوە بیرتان لەم شتە کردۆتەوەو هەرچەندێکیش مەزنە بکەن ئەو"من"ە باڵاترو چاکترە، بەڵام هێشتا بەری بیرکردنەوەیەو لە ئەنجامدا شەرتی بووەو لەدایکبووی کاتە، تکادەکەم تەنیا دوای لۆژیکی ئەو شتە مەکەون کە دەیڵێم، بەڵکو هەموو ماناکانی ببینن. مردن قبوڵنەکردن لە وتەزای کات نەبووە، بۆیە لە وتەزای مێشک یا شتێک نییە کە لەدایکبووی حەزو خواست و ترس و ئارەزووەکانی من بێت. مرۆڤ سەیردەکات ژیان کۆتاییەکی هەیە، ئەویش کۆتاییەکی لەناکاوە. ئەوەی دوێنێ دەژیا دەشێت ئەمڕۆ نەژی و ئەوەی ئەمڕۆ دەژی دەشێت سبەینێ نەژی. بێگومان ژیان کۆتایی هەیە و ئەمەش راستییەکە، بەڵام ئێمە نامانەوێت دان بەمەدا بنێین. ئێوە جیاوازن لە دوێنێ، شتگەلێکی جیاواز و هەمەچەشن، پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان، پەرچەکردارەکان، پێویستیە ناچارییەکان، بەرهەڵستیەکان، کاریگەرییەکان یان "ئەوەی بوو" دەگۆڕێت یان کۆتایی پێدەهێنێت. مرۆڤێک کە بەڕاستی داهێنەرە دەبێت کۆتاییەکی هەبێت و کەسێکی وا داهێنەر ئەم کۆتاییە قبوڵ دەکات، بەڵام ئێمە ئەمە قبوڵ ناکەین، لەبەرئەوەی هزری ئێمە بە پرۆسەی کۆکردنەوە راهاتووە. ئێمە دەڵێین "ئەمڕۆ من ئەمە

فێربووم و دوێنێش ئەمە فێربووم. "ئێمە تەنیا لە چوارچێوەی کات و درێژەدان بەبەردەوامییدا بیردەکەینەوە. ئەگەر لە چوارچێوەی درێژەدان بەبەردەوامییدا بیرنەکەینەوە، ئەوا کۆتاییو مردن بوونیان دەبێت. لەبەرئەوە ئێمە شتەکان بە روونی و بە جۆرێکی راستەوخۆو بە هەمان سادەیی کە "هەن" دەبینین. ئێمە دان بە راستیی کۆتاییدا نانێین، لەبەرئەوەی هزری ئێمە بیر لە بەردەوامیبەخشین و گەڕان بەدوای سەلامەتیدا دەکاتەوە، ئەمنیەت لە نێو خێزان، لە داراییدا، لەپیشەکەمان و لە هەموو ئەو شتانەدا کە ئەنجامیان دەدەین. هەر بۆیە دەترسین. تەنیا ئەو مێشکەی کە ئازاد بیلە "بەدەستهێنانی ئەمنیەت" و ئازاد بی لە "ئارەزووی بەردەوامیی" و ئازاد بی لە پرۆسەی "درێژەدان" و مردن قبوڵکەری دەناسێت، بەڵام مێشکێ کە بەدووی مردن قبوڵنەکەری تاکەکەسییەوەیە، واتە هەمان ئەو "منەی" کە دەیەوێت بەردەوام بێت، هەرگیز ئەو شتە ناناسێت کە ناوی مردن قبوڵکردنە. هزری وا هەرگیز مانای ترس و مردن نەناسیوە و ناتوانێت پی بنێتە ئەودیوی ئەوەوە.

بۆچی لەمردن دەترسین؟

گفتوگۆ لەگەڵ خوێندکاران، لە ڕاجگات، 22ی ژانیۆی 1954

پرسیارکەر: بۆچی ئێمە لە مردن دەترسین؟

کریشنا مۆرتی: ئایا تۆیەک، کە دەڵێی "بۆچی لە مردن دەترسین؟"، دەزانی مردن چییە؟ تۆ گەڵایەکی سەوز دەبینی، ئەو گەڵایە بەدرێژایی هاوین ژیاوە، لەبەر بادا سەمای کردوە و تیشکی خۆری وەرگرتووە، باران بەسەریا باریوە و خاوێنی کردۆتەوە، کاتی زستان دەگاتە بەرەوە، دەژاکی و دەمرێت. مەلی سەر چڵیش جوانە، بەڵام ئەویش دەمرێت. تۆ جەستەی مرۆڤەکانت بینیوە کە بەرەو ڕووبار دەبرێن تا تیایدا بنێژرێن. کەواتە دەزانی مردن چییە، ئەی بۆچی لێی دەترسی؟ لەبەرئەوەی تۆش وەکو گەڵایەک و باڵندەیەک دەژیت، نەخۆشی یان ڕوداوێکت بۆ پێشبێت ئیتر تۆش کۆتاییت دێت. بۆیە دەڵێی"دەمەوێت بە زیندویی بمێنمەوە، دەمەوێت چێژوەربگرم، دەمەوێت ئەو شتەی کە بە ژیان ناو دەبرێت لە خۆمدا درێژەی پێ بدەم" بەپێی ئەمە ترس لە مردن، ترسە لە بەکۆتایی گەیشتن. وایە یان نا؟ یاری کریلکت، چێژ وەرگرتن لە تیشکی خۆر، بینینی دوبارەی ڕووبار، لەبەرکردنی جل وبەرگی کۆن، خوێندنەوەی کتێب، بینینی بەردەوامی دۆست و هاوڕێ دێرینەکان، هەر هەموویان کۆتاییان دێت، کەچی لە مردن دەترسن.

ئێمە بە ترس لە مردن و زانینی ئەوەی کە مردن مەسەلەیەکی لەچارنەهاتووە، بیرلەوە دەکەینەوە کە چۆنچۆنی بچینە ئەو دیووی مردنەوە (واتە باز بەسەر مردندا بدەین و تێپەڕێنین ـ وەرگێڕی کوردی). ئێمە تیۆر و بیردۆزگەلێکی جۆراوجۆرمان هەیە، بەڵام ئەگەر بزانین چۆنچۆنی تەواوبین، ئەوا چیدی ترسێک بوونی نیە. ئەگەر ئێمە بزانین کە چۆنچۆنی هەموو ڕۆژێک بمرین، چیدی ترسێک بوونی نیە. لەم قسەیە تێدەگەی؟ ئەم مەسەلەیە تۆزێک نامۆیە. ئێمە نازانین چۆنچۆنی بمرین، چونکە هەمیشە لە حاڵی کۆکردنەوە و کۆکردنەوە و کۆکردنەوەداین. ئێمە هەمیشە لە چوارچێوەی سبەینێیــەکدا بیردەکەینەوە: "من ئەمەم و دەبمە ئەوە". ئێمە هەرگیز لە ڕۆژێکی تەواودا نین. هیچ کاتێ وەها ناژین کە بڵێیت تەنیا یەک ڕۆژمان بۆ ژیان لەبەردەستدایە. دەزانیت باسی چی دەکەم؟ ئێمە هەمیشە لە سبەینێ یان لە دوێنێدا دەژین. ئەگەر کەسێک بە تۆی بوتایە ڕێک لەمڕۆدا دەمریت چیت دەکرد؟ ئایا ئەو ڕۆژەت بە بێ کەموکوڕی و بەتێروتەسەلی بەسەر نەدەبرد. ئێمە یەک ڕۆژ بێ کەموکوڕیی و تەواوی ناژین. ئێمە هیچ کاتێ ستایشی ئەو ڕۆژە ناکەین کە تیایداین. هەمیشە بیر لەوە دەکەینەوە کە بەیانی ڕوودەدات، پێموایە ئێمە بیر لەو یاری کرلیتیە دەکەینەوە کە بڕیارە بەیانی تەواوی بکەین، بیر لە

تاقیکردنەوەیەک دەکەینەوە کە بڕیارە تا شەش مانگی تر تەواوبێت. ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆنچۆنی چێژ لە خواردنەکانمان وەربگرین و بڕیارە چ جۆرە جل وبەرگێک بکڕین و هتد ـ بەهەرحاڵ هەمیشە دوێنێ و سبەینێ لەمێشکماندان، بۆیە هەرگیز ناژین، بەڵکو هەمیشە سەبارەت بە مردن بە واتایەک لە واتاکان سەهوین.
ئەگەر ئێمە یەک ڕۆژ بەتەواوی بژین و لەگەڵ ئەو ڕۆژەدا تەواوببین، ڕۆژێکی تر دەستپێبکەین وەک ئەوەی ئەم ڕۆژە، ڕۆژێکی نوێ و تازە بێت، ئەوا لەو حاڵەتەدا ترس لە مردن بوونی نییە. جوانی، تەنیا لە مردنی هەموو ڕۆژێکدا لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە بەدەستمان هێناوە، بە هەموو زانست و بیرەوەری و هەوڵەکانییەوە و هەڵنەگرتنیان بۆ ڕۆژێکی ترە؛ بوونی هەیە. بە دەربڕینێکی تر ئەگەرچی کۆتاییەک هەیە، بەڵام سەرلەنوێ ژیانەوەیەکیش هەیە.

تا لەکات و ئەوین نەگەین، لەمردن ناگەین.
حەز دەکەم دەربارەی کات و مردن، هەروەها ئەو شتەیش کە بە ئەوین ناویدەبەین بدوێم. ئێمە کارێکمان بە ئایدیاکان نییە. ئایدیاکان، بیروباوەڕی ڕێکخراون و کێشە دەروونییە قووڵەکانی ئێمە چارەسەرناکەن. ئەوەی کە دەروونی ئێمە پاکدەکاتەوە، رووبەڕووبوونەوەی ئەوانەیە، ئەویش نەک لە ڕێیحیجاب و پەردەی بیرەوە، بەڵکو لە ڕێگەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و زیندووەوە لەگەڵ ئەوانەدا. بەدەربڕینێکی تر لەڕێی هەستکردن و بینینی بەکردەوەی ڕاستی (هەقیقەت)ەوە. بەڕای من مرۆڤ دەبێت لە ڕوی سۆزدارییەوە لەگەڵ ڕاستیدا لە پەیوەندیدابێت نەک بەدیدێکی سانتیمانتاڵیانە (ئیحساساتی). ئەگەر ئێمە پشت بەبیر ببەستین، ئەوا هەرچەندێکیش بیر زیرەک و باش ڕێکخراو و خوێندەوار و لۆژێکی و خاوەن ئەقڵێکی دروست بێت، دیسان کێشە دەروونییەکانی ئێمە چارەسەرناکات، چونکە ئەوە بیرە تەواوی کێشەکانی بیری خوڵقاندووە. مرۆڤێک کە سەرجەم کێشەی مردن دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و پشتگوێی ناخات، مەحکومە بەوەی تێبگات کە بیر چۆنچۆنی کاتی خوڵقاندووە و دەبێتە مایەی ڕێگری بۆ پەیبردن بە مانا و بایەخ و قوڵایی مردن.
زۆربەمان لە مردن دەترسین و هەوڵدەدەین بەهۆی لۆژیکتاشینەوە یان بەهۆی خۆبەستنەوە بەبیروباوەڕی جیاواز جیاوازی لۆژێکی و نالۆژێکیی دەستکردی بیرەوە لەو ترسە هەڵبێین. بەڕای من ڕۆچوون بەقوڵایی مردندا پێویستی بەهزرێکە کە نەک تەنها لۆژیک و ماقووڵ و هۆشمەندانەیە، بەڵکو دەتوانێت ڕاستەوخۆ بڕوانێتە ڕاستیو، مردن بەو شێوەیە ببینێت کە هەیە، نەک ئەوەی بەهۆی ترسەوە نابووت بووبێت.
بۆ تێگەیشتن لە مردن، دەبێت لە کات تێبگەین. مەبەستم لە کاتی سەعات یان ڕۆژژمێری نییە، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی سادە و میکانیکییە. من دەربارەی کاتی دەروونی دەدوێم: گەڕانەوە بۆ دوێنێ بێشومارەکان، بۆ هەموو ئەو شتانەی زانیومانن، هەستمانپێکردوون، چێژمانلێوەرگرتوون، کۆمانکردونەتەوە و لە بیرەوەریدا عەمبارمان کردون. بەبیرهێنانەوەی کاتی ڕابردوو، شێوە و شەمایلی کاتی ئێستامان دیاریدەکات کە لەسەروەختی خۆیشی دا پەرەدەستێنێت.
هەموو ئەم پرۆسەیە، کاتی دەروونی و بیر تیایدا ئەسیرە، بیر بەرئەنجامی دوێنێیە کە لەمرۆوە بۆ سبەینی درێژدەبێتەوە. بیری ئایندە لەلایەن ڕابوردووەوە مەرجبەندکراوە. ڕابوردوو لەشتگەلی دروستبووە کە هزری خودئاگا، لە قوتابخانە خوێندویەتی، ئیشێک کە بەدەستیهێناوە، زانیارییەکی

هونەری کە دەستیخستووە و هتد، دواجار لە هەموو ئەو شتانەی کە بەشێکن لە پرۆسەی میکانیکیی بیرهێنانەوە، بەڵام ڕابوردوو لە زانستی دەروونی و لەوەی کە مرۆڤ تاقییکردۆتەوە و لەسەریەک کەڵەکەیکردوون، ئەو یادەوەرییانەی کە بەجۆرێکی قووڵ لەناخودئاگادا خۆی حەشارداوە، دروستبووە. زۆربەمان هەلی لێکۆڵینەوەی ناوەوەی ناخودئاگای خۆمانمان نییە. ئێمە زۆر گرفتار و سەرقاڵی کێشە ڕۆژانەییەکانین. لەبەرئەوە ناخودئاگا، نیشانە و ئاماژەگەلێکی جۆراوجۆرمان بەشێوەی خەون پیشاندەدات و لەمڕووەوە خەونەکان پێویستیان بەدەربڕین و لێکدانەوە هەیە.

هەم پرۆسەی خودئاگا و هەم پرۆسەی ناخودئاگا هەردووکیان کاتی دەروونین. کات وەکو زانست، وەکو ئەزمون، وەکو ماوەی نێوان (ئەوەی هەیە) و (ئەوەی دەبێت ببێت)، کات وەکو ئامرازێک بۆ گەیشتن و بەدەستهێنانی سەرکەوتن و ڕازیبوون و هزری خودئاگا، لەلایەن ناخودئاگاوە شێوەی وەرگرتووە و پەیبردن بەهۆکارە شاراوەکان، ئامانج و جەبرە ناخودئاگاییەکان کارێکی زۆر دژوارە. لەبەرئەوەی ئێمە ناتوانین لە ڕێگەی هەوڵی خودئاگایانەوە ڕێگەی خۆمان بەرەو ناخودئاگا بکەینەوە. ئێمە دەبێت لە ڕێگەی نەفیکردنەوەیەوە لە ناخودئاگا نزیکببینەوە، نەک لە ڕێگەی پرۆسەی پۆزەتیڤی ڕاڤە و شیکار، چونکە شیکارکەر لەلایەن بیرەوەرییەکانییەوە مەرجبەندبووە و تەرزی بینینی ئیجابیانەی ئەو بۆ شتێک کە نایزانێت و ئاگادارییی تەواوی لەبارەوە نییە، بایەخێکی کەمی هەیە.

بەهەمان شێواز ئێمە دەبێت  لەگەڵ مردندا مامەڵەیەکی سەلبیمان هەبێت، لەبەر ئەوەی نازانین چییە. ئێمە مردنی کەسانی ترمان دیووەو دەزانین لە ڕێگەی نەخۆشی، پیری و فەوتانەوە ڕۆژێک مردن بەرۆکمان دەگرێ. ئێمە مردن بەهۆی کارەساتی ئوتومبیل و مردن بەمەبەستی پێشوەخت (خۆکوژی وەرگێڕی کوردی) دەناسین، بەڵام بەڕاستی نازانین مانای مردن چییە. ڕەنگە ئێمە لۆژیک بۆ مردن بتاشین و، بەبینینی ئەو ڕاستییەی کە تەمەنی پیری هەیە و خەریکە نزیکدەبێتەوە (پیربوونی جەستەیی، لەدەستدانی بیرەوەری و هیتر) بەخۆمان بڵێین کە "ژیان" لەدایکبوون و پێگەیشتن و داڕزینە، لەبەرئەوە کۆتاییهاتنی پێکهاتەی جەستەیی، مەسەلەیەکی لەچارنەهاتووە"، بەڵام وتنی ئەم ڕستەیە نابێتە مایەی تێگەیشتنێکی قووڵ لەمەڕ مردن.

دەبێت مردن هەروەکو ژیان مەسەلەیەکی نائاسایی بێت. ژیان دیاردەیەکی تەواو و پێگەیشتووە، خەم، ئازار، خەفەت، سۆز، خۆشی، ئایدیا پوچەکان، سەروەت و سامان، ئیرەیی، ئەڤین، هەژاری و تەنیایی - هەمو ئەمانە ژیانن و بۆ پەیبردن بە مردن دەبێت پەی بەهەموو ژیان بەرین، نەک بەشێکی بگرین و تەنیا  لەگەڵ ئەو بەشەدا بژین، هەروەکو زۆربەی کات وادەکەین. لەهەناوی پەیبردن بەژیاندا، پەیبردن بەمردن خۆی حەشارداوە، چونکە ئەم دووانە لێکتری جودا نین. ئێمە کارێکمان بەئایدیاکان یان بیروباوەڕەکان نییە، چونکە ئەوانە هیچ شتێ چارەسەرناکەن. مرۆڤێک کە دەزانێت مانای مردن چیە، مرۆڤێک کە بەکردەوە ئەزموون دەکات و هەموو ماناکەی بەدەستدەهێنێت، مادامەکی دەژی، دەشبێت لەبارەی مردنەوە ئاگایی هەبێت. بەدەربڕینێکیتر، مرۆڤێکی وایی مەحکومە بەوەی کە هەموو ڕۆژێ بمرێت. ئێوە لە ڕووی فیزیکییەوە (جەستەییەوە) ناتوانن هەموو ڕۆژێک بمرن، ئەگەرچی سات لە دوای سات گۆڕانکاری دەروونی هەیە. من دەربارەی مردنی دەروونی دەدوێم. ئێمە دەبێت بە هەموو ئەو شتانەوە بمرین کە وەکو ئەزموون و زانیارییەک کۆمانکردونەتەوە، هەروەها  لەگەڵ هەموو ئەو چێژ و ئازارانە بمرین کە دەیانناسین.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەمان نامانەوێت بمرین، چونکە لەژیانمان ڕازین. ژیانی ئێمە زۆر ناشیرین و کەمبایەخ و سووکە و پڕە لە ئیرەیی و شەڕی بەردەوام. ژیانی ئێمە نەگبەتییەکە  لەگەڵ ئەو پزیسکانەی کە جاروبارێک لە هەژان و خۆشییەوەن و تەنیا دەبنە بیرەوەرییەک. بەهەمان شێوە مردنی ئێمەش بەدبەختییەکە، بەڵام مردنی ڕاستەقینە واتە مردنی دەروونی  لەگەڵ هەموو ئەوەی کە

دەیناسین. بە دەربڕینێکی تر، واتە بوونی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سبەینێ بەبێ ئەوەی بزانین ئەو سبەینێیە هەڵقوڵاوی خەیاڵ و وەهم نییە. زۆربەی مرۆڤەکان لە مردن دەترسن، لەبەرئەوە باوەڕیان بەدووناییدوون و نوێبوونەوەی ژیان هێناوە، یان گریمان بەشێوەیەکی تری باوەڕەوە لکاون، بەڵام مرۆڤێک کە بەڕاستی دەیەوێت لە مانای مردن تێبگات کاری بە باوەڕەوە نییە. هەبوونی بیروباوەڕ بەواتای پێنەگەیشتنی دەروونی. ئێوە بۆ پەیبردن بەمردن، دەبێت بزانن چۆنچۆنی لە ڕووی دەروونییەوە بمرن.

نازانم تا ئێستا هەوڵتانداوە بەو شتانەوە بمرن کە زۆر لێتان نزیکە و هەستی چێژێکی بێ ئەندازەتان پێدەبەخشێت؟ مردن لەگەڵ ئەو شتەدا وەکو وەرینی گەڵایەک لە درەختێک وایە. ئەگەر بتوانن هەر ڕۆژە و هەر دەقیقەیە بەم شێوەیە بمرن، ئەوا دەزانن کە کۆتایی کاتی دەروونی مانای چییە. بەڕای من بۆ بەدیهێنانی هزرێکی پێگەیشتوو، واتە هزرێک کە بەڕاستی دەکۆڵێتەوە، مردن بەم واتایە بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە لێکۆڵینەوە بەمانای گەڕان و توێژینەوەی مەبەستدار نییە. ئێوە ناتوانن لەڕاستی تێبگەن، مەگەر ئەوەی کە مەبەستتان نەبێت و لەلایەن باوەڕو دەمارگیرییەوە مەرجبەندنەبووبێت.

ئێوە دەبێت لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا بمرن ـ مردن لەگەڵ کۆمەڵگە، لەگەڵ ئایینی ڕێکخراو، لەگەڵ ئەشکالی جۆراوجۆر و جیاوازیی ئەمنیەتیدا کە هزر پێوەی نووساوە. بیروباوەڕ و دەمارگیری. ئاسایشی دەروونی مسۆگەردەکات. ئێمە دەبینین کە جیهان لەم کۆمەڵە سەرلێشێواوییەدا ڕێدەکات: پەشێویی جیهان بوونی هەیە و هەموو شتێک بەخێرایی لە حاڵی گۆڕاندایە. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە خوازیاری شتێکی نەمر و پایەدارین، هەربۆیە بەبیروباوەر و ئایدیال و شێوەیەک لە ئاسایشی دەروونییەوە دەلکێن و ئەم لکانەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە لەمپەر لەبەردەم گەیشتن بە ڕاستەقینەی ڕاستیدا.

بۆ ئاشکراکردنی شتێکی نوێ، دەبێت بەهزرێکی پاکژ، تازە، جحێلڕ و پیسنەکراو لەلایەن کۆمەڵگەوە، نزیکبینەوە. کۆمەڵگە، پێکهاتی دەروونی، ئیرەیی، قەناعەت نەکردن، تەماع، پلەوپایەخوازی، دەسەڵات و پایەی کۆمەڵیەتیە و بۆ بەدەستهێنانی ڕاستی، مرۆڤ دەبێت لەگەڵ هەموو ئەو پێکهاتانەدا بمرێت، نەک مردنی تیۆری و ئەبسراکت، بەڵکو دەبێت بەکردەوە لەگەڵ حیرس و ئیرەیی و هەستی زێدەخوازییدا بمرێت. تا ئەو کاتەی کە گەڕان و بەدواداچوونی "شتی زۆرتر" بەهەر شێوەیەک هەبێت، هیچ جۆرە تێگەیشتن و ئەنجامگیرییەک لەمەڕ ئاڵۆزییە بێ ئەندازەکانی مردن بوونی نابێت. ئێمە هەمووومان دەزانین، درەنگ یان زوو، لە ڕووی جەستەییەوە دەمرین. کات خەریکە تێدەپەڕێت و مردن دێتە سۆراغی هەمووومان، لەبەرئەوە دوچاری ترس دەبین و تیۆرەکان دادەهێنین و ئیدەگەلێک لەمەڕ مردنەوە سەریەکدەنێین و لۆژیکتراشی بۆ دەکەین، بەڵام ئەمە تێگەیشتن لە مردن نییە.

ئێوە ناتوانن لەگەڵ مردنی جەستەییدا بجەنگن. ناتوانن داوا لە مردن بکەن تا ڕوخسەتتان بدات ڕۆژێکی تریش بژین. مردن ئامانجێکی ڕەهایە. ئێستا، ئایا ناکرێت بەهەمان شێواز بەبێ ئەوەی بپرسن بەیانی چیتان بەسەردێ، لەگەڵ ئیرەیی و پایەیخوازیدا بمرن، واتە تەنها بمرن؟ ئەمە بەواتای تێگەیشتنی سەرجەم پرۆسەی کاتی دەروونی.

ئێمە بەردەوام لە چوارچێوەی داهاتوودا بیردەکەینەوە و لە ڕووی دەروونییەوە بۆ سبەینێ بەرنامەڕێژی دەکەین. من دەربارەی نەخشە پراکتیکیەکان قسەناکەم، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە لە ڕووی دەروونییەوە دەمانەوێت "بەیانی شتێک بین" هزری زیرەک ئەوەی کە بوە و دەبێت درێژەپێبدات و ژیانی ئێمەش لەسەر بنچینەی ئەم پەیگیری و بەدواداچوونە بیناکراوە. ئێمە بەرئەنجامی یادەوەرییەکانمانین، ئەو یادەوەرییانەی لە ڕووی دەروونییەوە هەر خودی کاتەکەیە. ئێستا ئایا دەکرێت بەهەموو ئەو پرۆسەیەوە بەئاسودەیی و بەبێ هەوڵ و تەقەلا بمرین؟

ئێوە هەمووتان دەتانەوێ لەگەڵ شتێکی ئازاراویدا بمرن و ئەمەش تاڕادەیەک ئاسانە، بەڵام من دەربارەی مردن لەگەڵ شتێک دەدوێم کە چێژێکی زۆر و هەستێکی خۆشی دەروونی و فراوان بەئێوە دەبەخشێت. ئەگەر ئێوە لەگەڵ یادەوەری ئەزمونێکی وروژێنەر و تێگەیشتنەکانتان و ئومێد و ڕازیبوونە دەروونییەکانتاندا بمرن، لەو حاڵەتەدا ڕووبەڕووی هەستێکی نائاساییی تەنیایی دەبنەوە، هەربۆیە شتێکتان نییە پشتی پێببەستن. کڵێساکان، کتێبەکان، مامۆستاکان، سیستەمە فەلسەفییەکان چیدی و لەمە زیاتر ناتوانن متمانە بەهیچ کامێ لەوانە بکەن، بۆیە دەترسن و کەمقەناعەت و حەسود و پایەخوازن و بەدوای دەسەڵاتەوەن.

بەداخەوە ئێمە کاتێ متمانەمان بەشتێک نییە، ڕووتاڵ و ڕوکەشبینمان لێ دەردەچێت و بەدوای کەموکوڕیدا دەگەڕێین، جا لەبەرئەوەی بۆ ئەمڕۆ دەژین و دەڵێین ئەوەندە بەسە، بەڵام مەسەلەکە ئەمەیە هەرچەندێک هزر زیرەک یان فەلسەفەچن بێت بەهەمان ڕادەش ژیانێکی ڕواڵەتی و پووچ بەسەردەبا.

نازانم ئەوەی کە دەمەوێت بیڵێم تا ئێستا تاقییتانکردۆتەوە یان نا: واتە مردن بەبێ پەلەقاژە و لەگەڵ هەموو ئەو شتانەوەدا کە دەیزانن، ئەویش نەک بەجۆرێکی ڕواڵەتی، بەڵکو بەکردەوە و بەبێ هێنانەئارای ئەو پرسیارەی کە سبەی چ روداوێک ڕوودەدات؟ ئەگەر ئەمە بکەن دەگەنە هەستی موعجیزەئاسای "تەنهایی" بە هەرێمی "هیچ شتێک"، واتە بەشوێنێک دەگەن کە تیایدا سبەینێیەک بوونی نییە، خۆ ئەگەر داخلی ئەم شوێنە ببن، ئەوا چیدی دوچاری نائومێدی و دڵساردی و بێهیوایی نابن، بەڵکو بەپێچەوانەوە! لەهەمان کاتدا زۆربەمان زۆر تەنیاین. ڕەنگە سەرقاڵیگەلێکی سەرنجڕاکێش و خێزان و بڕێکی زۆر پارەمان هەبێت یان لەزانستێکی بەرفراوانی هزری جیهان بەهرەمەندبین، بەڵام ئەگەر هەموو ئەمانە وەلابنێین و بەتەنیا بمێننەوە، لەوحاڵەتەدا ئەو هەستە نائاساییەی تەنیایی دەناسن.

بەڵام لە ساتێکی ئاوهادا زۆربەمان دوچاری ترس و بیم دەبین. ئێمە هەرگیز ڕووبەڕووی ئەم تەنهاییە نابینەوە. ئێمە هەرگیز بەنێو ئەم بۆشاییەدا تێپەڕنابین تا بزانین چییە. خێرا ڕادیۆ دادەگیرسێنین، کتێب دەخوێنینەوە، لەگەڵ دۆستاندا دەکەوینە قسەکردن، دەچین بۆ کڵێسا و سینەما، مەی دەخۆینەوە، لەبەرئەوەی هەموو ئەم کارانە ڕێگای هەڵاتنمان پێنیشاندەدەن. خودا، هەڵاتنێکی چێژبەخشە، ڕێک وەکو مەی. کاتێ هزر لە حاڵەتی هەڵاتندایە، ئیدی نەخوا و نەمەی فەرقێک ناکەن. لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە، ڕەنگە مەیخواردنەوە کارێکی ناشایستە بێت، بەڵام هەڵاتن بەرەو لای خوداش زیانی تایبەت بەخۆی هەیە.

لەبەرئەوە مرۆڤ بۆ پەیبردن بە مردن، دەبێت لەگەڵ دوێنێ و هەموو یادەوەری و برینە دەروونییەکانی خۆیدا و، لەگەڵ زمانلوسی، سووکایەتی، بچووکی و ئیرەیی و حەسودییەکانییدا بمرێت، ئەویش نەک هەر بەقسە یان بەتیۆر، بەڵکو بە ئەزموونێکی پراکتیکی. مرۆڤ دەبێت بەهەموو ئەمانەوە بمرێت. بەدەربڕینێکی تر، دەبێت لەگەڵ خۆیدا (بەخۆیەوە) بمرێت. لەبەرئەوەی هەموو ئەمانە واتە خودی کەسەکە. ئەگەر تا ئێرەی کارەکە بێن ئەوا بۆتان دەردەکەوێت کە تەنیاییەک هەیە گۆشەگیری نییە، تەنهایی و گۆشەگیری دوو شتی جیاوازن، بەڵام ناتوانن بەبێ تێپەڕین لە ڕوبەری گۆشەگیرییەوە، کە تیایدا پەیوەندی ئیدی هیچ مانایەکی نییە، بگەنە تەنهایی. پەیوەندیی ئێوە بەهاوسەرتانەوە، بەمێردتانەوە، بەکوڕتانەوە، بەکچتانەوە، بەهاوڕێکانتانەوە، بەئێشەکانتانەوە، هیچ یەکێ لەم پەیوەندییانە، تا ئەوکاتەی کە تەواو گۆشەگیرن، مانایەکی نییە.

من دڵنیام کە هەندێ لە ئێوە ئەو مەیدانە(تەنهایی)تان تاقیکردۆتەوە، کاتێ دەتوانن لێیەوە تێپەڕن و بچنە ئەو دیویەوە، واتە کاتێک کە لە وشەی "گۆشەگیری" هەراسان نین، کاتێک بە هەموو ئەو شتانەوە

دەمرن کە دەتانناسی و کۆمەڵگە چیدی نفوز و دەسەڵاتی بەسەرتاندا نامێنێ، لەو کاتەدا "ئەوی دی" دەناسن. تا ئەو کاتەی کە لە ڕووی دەروونییەوە پەیوەستی کۆمەڵگە بن، کۆمەڵگە نفوز و دەسەڵاتی بەسەرتاندا دەبێت. هەرئەوەندەی ئەو بەند و هەودا دەروونییە دەپچڕێنن کە ئێوەی بەکۆمەڵگەوە بەستۆتەوە، ئیدی ناتوانێ هیچ نفوز و دەسەڵاتێکی بەسەرتاندا هەبێ. ئەوکات بەدەردەبن لە دەستێوەردانە ئاکاری و کۆمەڵیەتییەکان و، شایستەیی ڕێزلێگرتن، بەڵام ڕۆیشتن بەرەو ئەو گۆشەگیرییە بەبێ هەڵاتن و بەبێ قسەکردن بەواتای "بەتەواوی لەگەڵ ئەودا بوون"ە، پێویستی بەوزەیەکی زۆرە. ئێوە بۆ ژیان لەگەڵ شتێکی ناشیرین پێویستیتان بە وزەیەکی زۆر هەیە تا نەهێڵن خراپتان بکات، هەروەک چۆن بۆ ژیان لەگەڵ شتێکی جواندا دەبێت وزەتان هەبێت و نەهێڵن خووی پێوە بگرن. وزەی پیسنەبوو ئەو تەنهاییەیە کە دەبێت بەرەو ڕووی بڕۆیت.
ئەفراندنی هەڵقوڵاوی ئەم نەفیکردن و بۆشاییە واتە پەسن بوون (کامڵ بوون). بەدڵنیاییەوە هەموو ئەفراندنێ لە بۆشاییدا بەئەنجامدەگات، نەک ئەو کاتەی کە هزر گێژ وحۆلە. مردن ئەوکاتە مانایەکی هەیە کە بەهەموو بێهودەیی و ڕووکەشبوونەکانتانەوە، بەهەموو بیرەوەرییە بێشومارەکانتانەوە؛ بمرن، ئەوکاتە شتێک بوونی دەبێت کە لەودیوی کاتەوەیە، شتێک ئەگەر ترستان هەبێت و بەباوەڕێکەوە بنوسێن و دیلی خەم بن ناتوانن پێیبگەن.

ئەگەر بە یەقینەوە دەستپێبکەیت،
بە نایەقین دەگەیت
- گفتوگۆ لەگەڵ بوداییەکان دا [9]-
یەکەمین بەشداربوو(1): تا ئەو جێگەیەی من تێیگەیشتووم، ئێوە دەڵێن ژیان هیچ مەبەست یان ئامانجێکی نییە لەبەر ئەوە ڕێگایەکیشی بۆ هەنگاوهەڵهێنانەوەی تیانییە، بەناچار هەر تاکێک و خۆی لەگەڵ هەر چرکەساتێکدا ڕووبەڕووە. ئەگەر بڕیارە چرکەسات درکی پێ بکرێت، ئەوا ئەو چرکەساتە هەر هەمان چرکەساتی کار، چرکەساتی زانستو ئارەزووە. ئایا ئەم لێتێگەیشتنە دروستە؟
کریشنا مۆرتی: ئەگەر ڕێگەم بدەن دەبێت ئاماژە بەوە بدەم کە ئێمە لەبارەی ئەوەوە نادوێین چی دروستەو چی نادروستە. ئەم بابەتە پێویستی بەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە.
یەکەمین بەشداربوو: تۆ بەو قسەیەت کە دەڵێیت دروست یان نادروست بوونی نییە، لەراستیدا گیروگرفت بۆ ئەو مرۆڤانە دەخوڵقێنیت کە حەزیان لە تێگەیشتنە.
کریشنا مۆرتی: نەخێر، بەپێچەوانەوە، من دەڵێم ئێوەو ئێمەش هەموومان، بۆ وێنە منیش، حەزمان لە لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوەیە. من ناڵێم "ئەمە دروستە، ئەمە هەڵەیە" بەڵکو ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە پێکەوە بەقوڵایی ئەم مەسەلەیەدا ڕۆبچینە خوارێ.

یەکەمین بەشداربوو: چۆن دەشێت مرۆڤێک هەبێتو سەبارەت بەوەی چ شتێ و دروستە چ شتێک دروست نییە ، چی چاکەو چی چاک نییە، نەتوانێت بڕیاربدات؟
کریشنا مۆرتی: دوایی دەچینە سەر ئەو مەسەلەیەش. من ناڵێم چاکە بوونی نییە. چاکە دەشێت بەتەواوی لەگەڵ چاکەی ئێوەو چاکەی مندا جیاواز بێت، لەبەرئەوە ڕێگەبدەن بزانین کامیان بەڕاستی چاکەیە، نەک ئەوەی ئێوە یان ئەوەی من، بەڵکو ئەو شتە بەدەستبهێنین کە بەڕاستی چاکە.

دووەمین بەشداربوو:.. (چاکە) لەناوخۆیدا
کریشنا مۆرتی: بەڵێ.
یەکەمین بەشداربوو: راستیەکەی ئێوە خەریکن "نەبوونی یەقین" لە شێوە روانینی تاک بۆ شتەکان، یان لەروانگەی فەلسەفی تاکەوە دەناسێنن.
کریشنا مۆرتی: بەڵێ، ئەگەر بە "یەقین"ەوە دەست پێ بکەیت، ئەوا لە کۆتاییدا بە "نایەقین" دەگەیت.
یەکەمین بەشداربوو: ئەم رستەیەش "ئەگەر بە یەقینەوە دەست پێ بکەیت، ئەوا لە کۆتاییدا بە نایەقین دەگەیت" هەر زۆر ناکۆک دێتەبەرچاو.
کریشنا مۆرتی: هەڵبەتە ژیانی رۆژانە واییە.
لەبەرئەوەی ئێوە پرسیارێکتان کرد کە دەلالەت لە "کات"و "بیر"و "کار" دەکات، بۆیە دەتوانین لێرەوە دەستپێبکەین کە "کات" چییە؟. کات نەک بەپێی تیۆرەکەی بودا یان هەندێ لە کتێبە پیرۆزەکان، بەڵکو تەنیا ئەوەندە بزانین کات چییە؟ هەر کەسەی بە جۆرێ کات راڤەدەکات، زانایان دەڵێن کات زنجیرەیەک کارو بیرۆکەی بچووکە، یان رەنگە ئێوە بڵێن کات مردنە، کات ژیانە یان کات بیرە. بەم پێیە، ئایا ئێمە لەحاڵی حازردا دەتوانین ئەو قسانەی ئەوانی تر وتوویانە بۆ نموونەش قسەکانی بوداو تەنانەت ئەوەی کە من وتوومە یان نەموتووە، بخەینە لاوە، واتە هەمووی لە مێشکماندا بسڕینەوەو بڵێین. "ئێستا، کات چییە؟" ئایا کات تەنیا گیروگرفتێکە کە ئێمە لە ژیاندا هەمانە، کات نەک تەنیا وەک کۆمەڵە رووداوێک، بەڵکو وەکو لەدایکبوون، پێگەیشتن، مردن، کات وەکو رابوردووو، ئایندەو ئێستا؟ ئێمە لە کاتدا دەژین، ئەو ساتەی هیوادارین، واتە کاتدارین. من ئومێدەوارم "بووبم"، ئومێدەوارم "ببم"و ئومێدەوارم بگەمە ئیشراق. هەموو ئەم رستانە دەلالەت لە کات دەکەن. بەدەستهێنانی زانست، پێویستی بە کاتەو تەواوی ژیان هەر لە لەدایکبوونەوە تا مردن جگە لە مەسەلەی کات شتێکی تر نییە. وایە یان نا؟ ئایا دەتوانم مەبەستەکەم ڕۆشن بکەمەوە؟ ئەی کەوا بێ، ئەوەی کە ئێمە بە کات ناوی دەبەین چییە؟
یەکەمین بەشداربوو: ئێوە لەم بارەیەوە، زۆرجار قسەتانکردووە، بەڵام دەمەوێت بڵێم سات کە هەمان زانستو کارو ئارەزووە، ساتێکە کات تیایدا بوونی نییە.
کریشنا مۆرتی: سەبرکە، سەبرکە، ئایا ئێوە دەتوانن ئەم ساتو ئەو سات لە هەموو ساتەکانی تر جیابکەنەوە؟
یەکەمین بەشداربوو: لەساتی (سەرنجدان) یان (بینین)دا کات بوونی نییە.
کریشنا مۆرتی: مەبەستتان لە بینینو سەرنجدان چییە؟ داوای لێبوردن دەکەم لەوەی کە ئەوەندە وردو شیکاریانە مامەڵەدەکەم، بەڵام ئەگەر بڕیارە ئێمە لێکتری تێبگەین، دەبێت مێشکمان واتای روونی لەبارەی ئەم دوو دەستەواژەیەوە (بینینو سەرنجدان) لابێت. کاتێ بە کردەوە نەک بەتیۆری سەیردەکەن، چی ڕوودەدات؟ کاتێ ئەو دار و ئەو باڵندە، ئەو ژنە، ئەو پیاوە دەبینن، چی ڕوودەدات؟
دووەمین بەشداربوو: لەو ساتی بینینەدا، هەڵبەتە ئەگەر بینینێکی راستەقینە بێت..

کریشنا مۆرتی: ئایا هەیە یان نە ؟ من تەنیا پرسیاردەکەم. کاتآ ئێوە دەستەواژەی "بینین" بەکاردەهێنن، لە مێشکی خۆتاندا چ تێگەیشتنێکتان بۆی هەیە؟ دەشێت من واتایەکم بۆی هەبێت، دەشێت ئەویش واتایەکی بۆی هەبێتو یەکێکی تریش تێگەیشتنێکی تری هەبێت.
دووەمین بەشداربوو: بەڵام ئێوە لە پامدیجیتی دەپرسن کە "ئەو" مەبەستی لە "بینین" چییە.
کریشنا مۆرتی: هەروەها دەشپرسم مەبەستی لە دەستەواژەی "سەرنج" چییە.

روخسەت دەدەن پرسیارێ بکەم؟ ئایا دەتوانین قسەوباسو گفتوگۆیەکمان هەبێت، واتە منازەرەیەکمان لەسەر دەستەواژەیەک هەبێ کە تێڕامانێکی زۆر باشیشە؟ ئایا واتای دەستەواژەی "تێڕامان" دەزانن؟ ئەم دەستەواژەیە لە "لیبرا" وە دێت کە بەزمانی یۆنانی بەواتای هاوسەنگی – کێش دێت. هەمان مەسەلە لە بورجی فەلەکی لیبراشدا بوونی هەیە لە لیبراشەوە دەستەواژەی lilrate بەواتای ئازادکردن دێتو هەروەها لە دەستەواژەی deliberare کە بە ئیتالی بەواتای دانیشتن، خستنەژێر باسو دانوستانی سەرلەنوێوەو راوێژو ئاخاوتن لەگەڵ یەکو لەگەڵ یەکدا بەراوردکردن دێت. مەسەلەکە ئەمە نییە کە ئێوە بۆچوونێک دەربڕن و منیش بۆچوونێک دەربڕم، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە هەردووکمان پێکەوە راوێژبکەینو مەسەلەکان هەڵسەنگێنین، چونکە دەمانەوێت هەقیقەتی مەسەلەکە بدۆزینەوە نەک ئەوەی کە من پێشتر دۆزیبێتمەوەو پاشان بەئێوەی بڵێم، شتێکی ئاوا لە ناو دەستەواژەی (delilerate)دا نیە. کاتێ کە پاپا لە رۆما لە سیستین چاپل لە ڤاتیکان هەڵدەبژێردرێت، ئەوان لەگەڵ یەک ئەکەونە راوێژو ڕاگۆڕکی و هەڵسەنگاندن- دەرگاکان داخراونو هیچ کەسێ ناتوانێت بچێتە دەرەوە. ئەوان بۆچوونە سەر ئاوو چوون بۆ چێشتخانەو نان خواردن شوێنی تایبەتیان هەیەو هەموو شتێ بۆ دوو هەفتە یان چەند رۆژێ رێکخراوە، ئەوانە بەدرێژایی رۆژانی دانیشتن، مەحکوومن بە نەجولان و دانیشتن، ئەمە پێی دەڵێن "تێڕامان"(2).

بەم پێیە ئایا دەتوانین لەجێگەیەکەوە دەستپێبکەین کە هیچ شتێ نەزانین؟

سێهەمین بەشداربوو: ئەم کارە بۆ پامدیجیتی گرانە.

کریشنا مۆرتی: گران نییە، من هیچ شتێ نازانم، زانینی ئێمە تەنها یادەوەریە. ئێستا لەم ڕستەیەدا چ گرفتێک هەیە؟ من دەڵێم دەشێت زانست گەورەترین مەترسی بێت لە جیهاندا، زانست دەشێت گەورەترین رێگربێت، ئێمە بۆ زیادکردنو پەرەسەندنی زانست بەردەوام چاکەی خۆمان فراوانتردەکەین، زانایانیش بەردەوام پێی زیاددەکەنو ئەوەی زیادیشدەکرێت بەردەوام سنووردارە.

دووەمین بەشداربوو: هەڵبەتە، بەڵام ئەگەر کاملڕو تەواوبێت، ناتوانیت هیچی بۆ زیادبکەیت.

کریشنا مۆرتی: بەڵێ. بەم پێیە زانیاریتان بەردەوام سنووردارە، خۆ گەر لەو سنوورداریەوە دەست بە لێکۆڵینەوە بکەیت، ئەوا هەر بە سنوورداریش کۆتایی دێن.

دووەمین بەشداربوو. ئەوە ڕێک دیاریکردنی هەمان سنورداریە.

کریشنا مۆرتی: بەڵێ سنورداری.

یەکەمین بەشداربوو: ئێمە زۆر گوێبیستی قسەکانی ئێوە بووینو شتگەلێکی تایبەت تێگەیشتووین، بەڵام ئەگەر بڕیارە تێگەیشتن لە ئاستێکی قووڵتردا شێوەبگرێت، ئەوا لەو کاتەدا کەسێکی وەکو ئێوە لەم بارەیەوە بەرپرسە، چونکە ئێمە لە ئاستی جیاجیادایین.

کریشنا مۆرتی: زۆر باشە، زۆر باشە، بەڵام هەمان مرۆڤ واتە کریشنا مۆرتی دەڵێت کە زەویو لەنگەرگاکانتان جێبهێڵنو بێنو پێکەوە مەلەبکەین (واتە پێکەوە بە دوای ڕەگوڕیشەی مەسەلەکەدا بچین_ وەرگێڕی کوردی).

یەکەمین بەشداربوو: ناکرێت ئێمە پێکەوە ڕاوێژبکەین، لەحاڵێکدا لەدوو ئاستی جیاوازداین؟

کریشنا مۆرتی: من ئەمەم قبووڵ نییە. من ئەوەم قبووڵ نییە کە لە دوو ئاستی جیاوازداین.

یەکەمین بەشداربوو: ئێمە گلەییەکمان لە ئێوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە...

کریشنا مۆرتی: ئەویش ئەوەیە کە من جەراحێکی هەژارم!

یەکەمین بەشداربوو:.. بەڵێ پزیشکێک، لەبەرئەوەی هەموو کێشەو دژایەتیەکان، دەرەکیو زۆرن. تەنها ئەو مرۆڤانەی وەکو منن و ئیمتیازی ئامادەبوونیان لەخەڵوەتی ئێوەدا هەیە، زانیاریگەلێک

بەدەستدێنن، بەڵام پزیشک ناتوانێت پێت بڵێت چۆنچۆنی بەسەر دیاردە دەرەکیو زۆرو زەوەندەکان زاڵبیت و گرفتەکانی چارەسەربکەیت.
کریشنا مۆرتی: کەواتە ئێوە دەتانەوێت سەرەتا کێشە دەرەکیە زۆرەکان چارەسەربکەن، پاشان لە گرفتەکانی دەروونتان نزیکببنەوە. ئایا مەبەستتان ئەمەیە؟
یەکەمین بەشداربوو: نۀ، من دەمەوێت هەردووکیان پێکەوە چارەسەربکەم.
کریشنا مۆرتی: من پۆلێنکاریم پێ قبوڵ نییە.
یەکەمین بەشداربوو: بەڵێ من ئەمەم قبوڵە.
کریشنا مۆرتی: جیهان منە، من جیهانم، ئێستا لە دوای تێگەیشتنی ئەم خاڵە دەمانەوێت چۆنچۆنی کێشەکە چارەسەربکەین؟
یەکەمین بەشداربوو: بابڵێین من بەهیچ جیاوازیەک لە نێوان شتە دەرەکیو ناوەکیەکاندا ڕازی نیم.
کریشنا مۆرتی: سەرەتا دەبێت لە پەیوەند بەم مەسەلەیەوە دڵنیابن. ئایا بەڕاستی هەقیقەتی ئەم کارە تێدەگەن یان ئەم کارە تەنیا مەسەلەیەکی تیۆرییە.
یەکەمین بەشداربوو: بە رای من ئەم مەسەلەیە تیۆریە.
کریشنا مۆرتی: بەڕێز، جاری پێش هەموو شتێک تیۆری لای من هیچ نرخێکی نیە. هەڵبەتە بمبەخشن کە بەڕاشکاوی قسەدەکەم. من ئاگام لێیە چ شتێک خەریکە ڕوودەدات، واتە جەنگ، نەتەوەگەراکان، کوشتارو هەموو شتە ترسناکەکان کە خەریکن رووبدەن، مەبەستم ئەوانەیە کە بەکردەوە خەریکن رووددەن، من لەم روەوە دووچاری خۆشخەیاڵی نیم، بەڵکو هەموو ئەمانە بەبەرچاوانەوە خەریکن روودەدەن، باشە ئێستا کێ ئەمانەی خوڵقاندووە؟
یەکەمین بەشداربوو: مرۆڤەکان.
کریشنا مۆرتی: ئایا قبوڵتە بڵێین ئێمە هەموومان ئەوەمان خوڵقاندوە؟
دووەمین بەشداربوو، بەڵێ، بێگومان.
کریشنا مۆرتی: زۆر باشە، ئا بەم پێیە ئەگەر ئێمە هەموومان ئەوەمان خوڵقاندووە، کەواتە دەشتوانین بیگۆڕین.
من دوێنێ لە نیویۆرک چاوم بە زانایەک کەوت، پزیشکێک کە بۆتە فەیلەسوف. ئەو گوتی هەموو ئەمانە هەر تەنیا قسەنو ئێستا پرسیاری واقعی ئەمەیە: ئایا خانەکانی مێشک دەتوانن گۆڕانکاری لە خۆیاندا دروست بکەن. ئەویش نەک لە ڕێی مادە سڕکەرەکانەوە، یا لە ڕێگەی پرۆسە جۆراوجۆرەکانی جینەکانەوە، بەڵکو ئایا خودی خانەکانی مێشک، دەتوانن بڵێن ئەمە هەڵەیە، کەواتە بگۆڕێ ئاگاتان لییە؟ ئایا خودی شانەکانی مێشک دەتوانن بەبێ کاریگەریو بەکارهێنانی مەوادی سڕکەر ببینن کە چیان خەڵقکردوەو بڵێن: ئەمە هەڵەیە، بگۆڕێ و ئاوەژووبەرەوە!
یەکەمین بەشداربوو: بەڵام ئێوە لەنێوان مێشکو هزردا جیاوازی دادەنێن.
کریشنا مۆرتی: بەڵێ، رەنگە بێ ئەقلانە بێتە بەرچاو، بەڵام من بەجیاوازیان دەزانم، چونکە مێشک مەڵبەندی سەرجەمی هەستەکانی ئێمەیە.
چوارەمین بەشداربوو: بەڕێز ئەمە هەر ئەو پرسیارە بوو کە دوێنێ لێمکردن، ئەوەی ئایا ئێمە دەبێت چاوەڕوانی ئەو ئاڵوگۆڕە بین؟
کریشنا مۆرتی: ناتوانن. چونکە درێژە بەڕێگەی خۆی دەدات.
چوارەمین بەشداربوو: ئایا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دێت؟
کریشنا مۆرتی: نۀ.
چوارەمین بەشداربوو: کەواتە ئێمە دەبێ بۆ گەیشتن پێی کۆشش بکەین.

کریشنا مۆرتی: ئێوە هەستتانکردووە کە گۆڕان پێویستە. ئێستا چی دەکەن؟
چوارەمین بەشداربوو: بەڵێ هەموو لەسەر ئەم هەقیقەتە کۆکین.
کریشنا مۆرتی: ئێستا چ شتێک ئەوە دەگۆڕێت؟ مەبەستم گۆڕانە لە شانەکان، نەک لە ئایدیاکاندا. شانەکانی مێشک هەموو یادەوەریەکانی رابوردوو لەخۆدەگرێت. ئایا ئەو شانانە بەبێ گوشارو بەبێ کەوتنە ژێر کاریگەریو بەبێ بەکارهێنانی مادە کیمیاییەکان دەڵێن "ئەمە کۆتایی رێگەیە، من دەگۆڕێم"؟
دووەمین بەشداربوو: نە ْ. ئەگەر کارتێکردن و گوشارێک نەبێت بەواتای ئەوەی ئەم کارە لەخۆیەوە ئەنجامدەدرێت.
کریشنا مۆرتی: نە ْ، گوێ بگرن. خانەکانی مێشک سەرجەمی یادەوەریو گوشار و فێرکردنو پەروەردە، ئەزموونەکانو هەموو شتێکی لەخۆگرتووە. مێشک، مەڵبەندی زانستە.
دووەمین بەشداربوو: بەڵێ پڕە لە زانست.
کریشنا مۆرتی: بەڵی بەزانستی (2) یان (نیو) ملیۆن ساڵێ تەزبیە، ئێمە هەموو شتێکمان تاقیکردۆتەوە، مەوادی کیمیایی، خەڵوەتکێشان، رەنجو هەموو شێوەکانی لە ئەزموونمان بۆ بەدیهێنانی گۆڕانێک لە مێشکدا ئەنجامداوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، ئەندازەی جیناتو هەموو جۆرە تاقیکردنەوەیەک بۆ گۆڕینی ئەوەی کە لە سەردا دەگوزەرێ دیسان ئەنجام دراوە، کەچی هیچ کامێکیان سەرکەوتوو نەبوون، هەڵبەتە تا ئێستا سەرکەوتوو نەبوون، دەشێت هەزار ساڵی تر سەرکەوتوو بن. ئەی کەوابێ بۆچی مێشک پشتی بەم شتانە بەستووە؟ واتە بەمەوادی کیمیاییو بزوێنەرەکانو بە چێژەوە پێیانەوە وابەستەیە؟ ئایا مێشک چاوەڕێیە ئازادببێت؟ "نا بەداخەوە، ئەمیش هەر خۆدزینەوەیە".
دووەمین بەشداربوو: واتە لە چاوەڕوانی کەسێکی ترا بوون.
کریشنا مۆرتی: بەڵێ. کەواتە ئایا خانەکانی مێشکیش ئێستا دەتوانن کۆتایی بە سەرجەمی یادەوەرییەکانی رابوردوو بهێنن؟ پرسیارەکەی من ئەوەیە ئێستا ئێوە چی دەڵێن؟
یەکەمین بەشداربوو: من پرسیارێکی ترم هەیە، من دەبێت وانە بە قوتابیەکانم بڵێمەوە، من ئەم کارە لە ڕێگەی پرۆسەیەکی لۆژیکیەوە ئەنجام دەدەم. لە ڕوی لۆژیکیشەوە زۆر شت روون دەبێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا سنووردارییەکان ئەویش دەناسم، بەتایبەتی لەوکاتەوەی لەگەڵ ئێوەدا لە پەیوەندیدا بووم و تێگەیشتم کە هەموو ئەمانە دەستکردو تیۆریو سنوردارن. بەم پێیە کاتێ ئێمە دێینە لای ئێوە شتگەلێکمان گوێ لی دەبێت کە باشنو لەیەک خاڵی مەزنەوە بەرەو خاڵێکی تر دەڕۆین، بەڵام لەکۆتاییدا تێدەگەین کە هێشتا لە شوێنێکدا نین لە هەقیقەتەوە نزیک بێت. هەربۆیە لە جیاتی ئەوەی بەدەوری بازنەی لۆژیکدا خولبخۆین، لەنێو بازنەی ئەم قسانەدا خولدەخۆین، بەڵام جیاوازییەکیان نییە.
کریشنا مۆرتی: بەڵێ بەڕێز. ئەمانە هەمووی سەرتاپایان ڕوونکردنەوەنو ئێمە لەم لۆژیکەوە بۆ ئەو لۆژیک دەچین. بەم پێ یە ئایا هەستدەکەین لۆژیک سنوردارە؟ ئایا دەتوانم ئەو لۆژیکە بەبێ رۆیشتن بەرەو لۆژیکێکی تر وازلێبێنم، لەبەر ئەوەی لەسەرەتادا پەیم بەوە برد کە لۆژیک سنووردارە. جا چ لۆژیکێکی باڵا بێ یا لۆژیکی باو بێ؟

یەکەمین بەشداربوو: نەخێر، ئەم دوو لۆژیکە ناتوانن پێکەوە بەراوردبکرێن، چونکە یەکێکیان لۆژیکە، بە تەواوی لۆژیکیەو هەر ئەوەیە کە تێگەیشتووین سنووردارە لەحاڵێکدا کە لێرە ئەم قسانە هەرهەموویان لۆژیکی نین. ئەویش کاتێک کە رۆشنبینیو روناکیی بەدەستدەهێنین. سەرئەنجام بەردەوام هەر بەدەوری ئەم شتە بچووکانەدا سوڕدەخۆینو تێگەیشتنێکیش روونادات.

کریشنا مۆرتی: زۆر باشە، ئەگەر وایە کە من بۆی دەچم، ئایا مەسەلەکە ئەوەیە ئێوە داوای زانینێکی تێر وتەسەل دەکەن؟ پرسیارەکەی ئێوە دەلالەت لە خواستێکی واهی دەکات.
یەکەمین بەشداربوو: ئێمە دەبێت لەو شتە رازی بین کە وەریدەگرین، لەحاڵێکدا موحتاجی ئەو شادمانیەین کە شکلڕ بەفکر دەدات. ئێمە زانینێکی کەمو کورتمان چنگدەکەوێت نەک زانینێکی تێر وتەسەل.
کریشنا مۆرتی: من سەبارەت بەشادمانی قسەناکەم. من سەبارەت بە زانین قسەدەکەم. پێشنیاری تەواوی و کەماڵ پێشکەشتان دەکەم. من لۆژیکیانە تەواوی و کەمال پیشانی ئێوە دەدەم، بەڵام ئایا گوێتان لی دەبێت بەبێ ئەوەی بڵێن بەڵێ، ئەمە دروستە یان ئەمە هەڵەیە؟ هەموو نووسەرو نیگارکێشێ، زانا، شاعیرو مامۆستایەکی رۆحانی بەکردەوە خاوەنی زانینێکی سنووردارن. منو تۆ بەیەکدەگەینو دەڵێین "سەیرکە، ئەمە سنووردارەو من زانینێکی واقعی، تێر وتەسەل و لێوانلێوم دەوێت، نەک زانینێکی رێژەیی و جوزئی".

یەکەمین بەشداربوو: ئێمە پێویستمان بەوەیە لەم مەسەلەیە تێبگەین، ئایا زانین (بیرە)ی تێر وتەسەل چییە؟ ئایا ئەزمونێکە؟
کریشنا مۆرتی: نەخێر، بەگومانم لەوەی کە ئەزمونێ بێت. نەخێر ئەزمونێک نییە.
دووەمین بەشداربوو: کەواتە دەبێت لەناوەوە هەڵقووڵ.
کریشنا مۆرتی: نۀ ، دەزانن مەسەلەکە ئەوەیە ئێوە خەریکن پەلە لەشتێک دەکەن بەرلەوەی کە رووبدات.
دووەمین بەشداربوو: کەواتە ناتوانرێت پێشبینیبکرێت.
کریشنا مۆرتی: ئێوە ناتوانن لەو بارەیەوە یاسا دابڕێژن. ناتوانن بڵێن ئەمە ئەزمونێکە، لەبەرئەوە نییە.
دووەمین بەشداربوو: بڕیاربوو پێمان بڵێی چۆنچۆنی هەموو ئەم شتانە دەبنە گشتێک.

کریشنا مۆرتی: نەک ئەم شتانە. بەشەکان گشت دروستناکەن، منیش بە ئەندازەی ئێوە هەمووتان "مەعلونانە" مەنتقیم. تەنیا هێندە دەڵێم بەجۆرێکی خراپ لەگەڵ ئەودا مامەڵەدەکەن. مەسەلەی من ئەمەیە. نەڵێن کە ئەوە ئەزموونێکە یان لەسەر بنچینەی زانستە. ئەوەی لەسەر بنچینەی زانستە دۆزینەوەیەتی نەک خولْقاندنی.
شەشەمین بەشداربوو: ئاخر بەڕێز ئەو ناڵێت کە ئەمە ئەزمونێکە لەسەر بنچینەی زانستە، بەڵکو دەبێت ئەو شتە واقعی بێتو قابیلی سەلماندن بێت.
کریشنا مۆرتی: مەسەلەکە ئاواهی نییە من شتێک تاقیبکەمەوە. ئەمە ڕاستییەکە من لە بنەڕەتدا لە گرفتەکەی ئێوە تێناگەم. کەسێک دێتو چیرۆکێکم بۆ دەگێڕێتەوە. من بەتاسەوە گوێی بۆ رادەدێرم. لەبەر ئەوەی چیرۆکێکی جوانەو زمانێکو شێوەیەکی دڵنشینو خۆشی هەیە. بەبیستنی ئەو چیرۆکە دووچاری جەزبەو خۆ لەبیرکردن دەبم. گوێ لە چیرۆکەکە دەگرمو چیرۆکەکە رۆژ لە دوای رۆژ درێژدەبێتەوەو من بەهۆی ئەم چیرۆکەوە کەمدەکەمو دەتوێمەوە. بەم پێیە چیرۆکەکە بەوتنی "لێرەدا چیرۆکەکە تەواودەبی" کۆتایی دێت..
پێنجەمین بەشداربوو: چیرۆکەکە بۆ ئێمە کۆتایی نایەت، سەرئەنجامیش گرفتەکە درێژەی هەیە.
کریشنا مۆرتی: بەرێز ئێوە دۆستی منو من دەمەوێت پێتان بڵێم کە مرۆڤەکان زانینێکی سنوورداریان هەیەو ئەمەش شتێکی ئاشکرایە. لێرەدا دۆستەکەی ئێوە دەڵێت کە من بەئێوە دەڵێم بە چ رێگەیەک

دەتوانن زانینی تەواوتان هەبێت. ئایا گوێی لێدەگرن؟ باسو مشتومڕ مەکەن، بەڵکو تەنها گوێ بگرن. ئێوە برنج دەدەنە سواڵکەرێک لە کاتێکدا ئەو چاوەڕوانی هیچ شتێ لەئێوە نەبووە، بەڵام ئێوە برنجی دەدەنێ، بەهەمان شێوەش ئەو دیارییەک دەداتە منو دەڵێت "بیگرەو مەڵێ بۆچی دراوە بە تۆو کێ داویەتی، بەڵکو تەنها وەریبگرە". بەم پێیە بی من خەریکم دەڵێم زانین وابەستە نیە بە ئەقڵەوە، زانین پشتی نەبەستووە بەکاتەوە. زانین پشتبەستوو نییە بەهیچ جۆرە یادەوەریەکەوە. ئیشراق پشتی نەبەستووە بەکاتەوە. کات، یادەوەری، بەبیرهێنانەوە، هیچ کامێکیان بوونیان نییە، کەواتە ئێوە زانینتان هەیە، زانینی تێر وتەسەل. وەکو دوو کەشتی کە لە شەودا بەتەنیشتی یەکتردا رەت دەبن و یەکێکیان بەوی تریان دەڵێت "واهیە"و تێدەپەڕێت. ئێوە چیدەکەن؟

چوارەمین بەشداربوو: بەڕێز ئایا زانین لە رێگەی ڕاهێنانی هەنگاوبەهەنگاوەوە بەدەستدێت یان کارێکی هەنووکەییو دەستبەجێ یە؟

کریشنا مۆرتی: ڕاهێنان واتە لەبەرکردن، واتە کات.

چوارەمین بەشداربوو: بەم پێ یە بێت، بەتەواوی دەتوانێت هەنووکەیی بێت و دەستبەجێ ڕووبدات.

کریشنا مۆرتی: ئۆ! نا نا، بەڕێز بەس گوێ بگرە، ئەو شتێ بەمن دەڵێ و وندەبێت. ئەو منی بەتەنها لەلای خشڵێکی سەرسوڕهێن جێ هێشتووەو من سەرقاڵی تەماشاکردنی جوانی ئەوم. من ناڵێم ئەو بۆچی ئەوەی دا بە منو، ئەوە کێیەو.. هتد. ئەو ئەو خشڵانەی دا بەمن و گوتی بیگرە هاوڕێم، لەگەڵیا بژی خۆ گەر ناتەوێت توڕی هەڵدە" و من هەرگیز جارێکی تر ئەو نابینمەوە. مەفتونی ئەو خشڵانە بوومو ئەو خشڵانە دەستدەکەن بە ئاشکراکردنی شتگەلێک کە هەرگیز نەمبینیونو ئەو خشڵە دەڵێت لە نزیکترەوە هەڵمبگرە، تا زیاتر ببینی"، بەڵام من دەڵێم "من ژنم هەیە، منداڵم هەیە، چەندان دۆستو هاوڕێم هەیە، دەچمە زانکۆو ئیشو کارم هەیە، من ناتوانم ئەم کارەبکەم" هەر بۆیە ئەو شتە دەخەمەوە سەر مێزەکەو خۆرنشین دەگەڕێمەوەو تەماشای دەکەم خشڵەکان رۆشناییان تیانەماوە و رەنگیان پەڕیوە. لەبەرئەوە دەڵێن هەڵیبگرە یان ڕێزی لێبگرە، خۆشتبوێت، سەیریبکەو چاودێریبکە.

من هەوڵ نادەم کەسێک سەبارەت بەشتێک قەناعەت پێبکەم، من دەبینم کە زانست زۆر سنووردارەو دەشێت زۆر ترسناکو ژەهراویش بێت.

بەڕێز من دوێنێ رێک بەرلەوەی بەرەو هند بەرێبکەوم، چاوم کەوت بەسێ پسپۆڕی بواری کۆمپیوتەر، هەرە پسپۆڕەکانی بواری کۆمپیوتەر بوون، ئەوان بەشێوەیەکی قوڵ بەرەو ئەقڵ و هۆشی دەستکرد هەنگاودەنێن، هۆشی دەستکردیش دەتوانێت زۆربەی ئەو شتانە ئەنجامبدات کە مرۆڤەکان ئەنجامیدەدەن، واتە شەڕبکاتو زانستێکی دانسقەو لەوەی ئێمە زیاتری هەبێت، کە زانستی ئینگلیز، ئەوروپا، فەرەنسا، روسیاو هەموو ئاپانیشادەکان، هەموو گیتاکان، ئینجیلەکان و قورئانەکان هەموو شتەکان و... هتد لەخۆبگرێتو بەکردەوەش بیانکات و پێتاندەڵێت کە چی بخۆنو چی نەخۆن، کەی بە مەبەستی پاراستنی سەلامەتیتان بچنە پێخەفەوەو کەی ناتوانن پەیوەندی سێکسی بکەن. ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی جدی دەستی پێکردوە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو ئامێرە بتوانێت ئەوە ئەنجامبدات کە من دەتوانم ئەنجامیبدەم، جگە لەبەستنی پەیوەندی سێکسی یان سەیرکردنی ئەستێرەکان، ئەو کات چ کارەساتێک بەسەر مێشکی مرۆڤدا دەقەومێ؟ ئەی کەواتە مەبەست لە بوونی مرۆڤ چییە؟ هەموو سەرگەرمییە تەکنەلۆژییەکانی ئەمڕۆ، تۆپی پێ، تێنسو هتد بەداخەوە زۆر بەهێزن. لەبەر ئەوە ئەگەر مرۆڤ گیرۆدەی هەموو سەرگەرمیەکان بووبێت، کە سەرگەرمیە ئاینیەکانیش دەگرێتەوە، جێگەو شوێنەکەی لە کوێیە؟ بەڕێز ئەم پرسیارە زۆر جدیە، هەر تەنها قسەیەکی ئاسایی نییە.

دووەمین بەشداربوو: ئەم پرسیارە لەوکاتەدا کە گۆڕانو ئاڵوگۆڕ بەسەر مێشکدا دێت، گۆڕانێک کە زۆر پێشتر لە مێشکدا ئامادەیە ئیتر مەترەح نابێت، چونکە مێشکی ئێستا، یادەوەرییەو ئامێر، یادەوەرییەکی زۆر باشتری هەیە.
کریشنا مۆرتی: یەک توێژاڵ و یەک پارچەی ناسک لەم مێشکە ئەلکترۆنیە شەش سەد ملیۆن وشە لەخۆیدا دەپارێزێت.
دووەمین بەشداربوو: دوارۆژ هەموو کتێبخانەکانی جیهان دەچنە نێو کۆمپیوتەرەوە.
کریشنا مۆرتی: هەر ئێستاش ئاواییە. وایە یان نا؟ کەواتە بۆ دەبێت من بچم بۆ کتێبخانە، بۆچی دەبێت گوێ بۆ ئەم هەموو قسە بێسوودانە بگرم. کەواتە سەرگەرمی تاقیدەکەمەوە.
دووەمین بەشداربوو: یان گۆڕان.
کریشنا مۆرتی: کتومت خۆیەتی. ئەمە هەمان ئەو پرسیارەیە کە لە سەرەتادا خستمەڕوو.
دووەمین بەشداربوو: لەبەر ئەوە دووبارە گەڕاینەوە بۆ ئەم پرسیارە.
یەکەمین بەشداربوو: ئایا چاودێریکردن لەم وتەزایانەدا جێگەوشوێنێکی هەیە؟
کریشنا مۆرتی: بەڵێ، بەڵام ئایا چاودێرییەک هەیە بەرنامەڕێژیی نەکرابێت و مەبەستێکی لەپشتەوە نەبێت و نەڵێ راهێنان بکە، راهێنان بکە؟ ئایا چاودێرییەک هەیە هیچ پەیوەندیەکی بەهیچ یەکێ لەوانەوە نەبێت؟ لەبەرئەوەی هەر ئەوەندەی من مەشقدەکەم تا کەسێکی دەوڵەمەندم لێدەربچێت ئامانجێکی عەمدیم هەیە.
هەربۆیە ئەوەی ئێمە لە ئێستادا ئەنجامیدەدەین ناتوانێت چاودێری بێت. لەبەر ئەوە ڕەنگە چاودێرییەک هەبێت کە هیچ پەیوندیەکی بەم شتانەوە نەبێتو من دەڵێم چاودێرییەک هەیە کە بەم شێوەیە نییە.
دووەمین بەشداربوو: ئایا دەتوانین ئالێرەدا قسەوباسەکە رابگرین.
کریشنامۆرتی: بەڵی هەر ئالێرەدا قسەوباسەکە رادەگرین، وەکو چیرۆکەکە.

سەرچاوە:

آینده اکنون است، کریشنا مورتی،چاپ اول 1377 هجری شمسی، انتشارات بهنام، ێ28-43، ڤارناسی مناچره با بودائیان 7 نوامبر 1985.

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بگەڕێنەوە بۆ کتێبی (عێبیت و رشد ادمی) ی بەرهەمی هەمان نوسەر.
[2] لێکدرژیە دەروونییەکان، کارن هۆرنای، ترجمە محمد جعفر مێفا، ناشر بهجت.
[3] لەم باسەدا، ئاشنا دەبین لەگەڵ زەمینەی خۆناسیدا، هەروەها لەگەڵ چەمکگەلێکدا کە لە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوودا تێگەیشتنی بابەتەکان ئاسان دەکات: دەروونشیکاری هۆرنای دیسانەوە لە ناسینی ( دەروون – ناخ)دا زیاتر لەوانی تر یارمەتیمان دەدات.
تێبینی: ئەم بابەتەء بابەتەکانی (هەڵاتن لە خود، پەیوەندیی بەهاء خوو، هەڵبژاردنء ئازادی: لەم سەرچاوە فارسیەوە وەرگیراون:
تامل در خویش، اندیشەهای کریشنا مورتی، پیمان ازاد، چاپ سوم، انتشارات هیرمند، 1378هجری شمسی.

[4]خود هەمان ئەو کەسێتیە سەپێنراوەیە کە بۆ خۆمانی دادەنێین، کەسایەتییەک کە لەخۆیدا لێکدژ و پێچەوانەیەوەء یەکپارچە نییە.
[5] deliberation.
[6]یاسا و ڕێسا، خۆی لەخۆیدا دژی ئازادی دەروونی مرۆڤ نین، ئەوە مرۆڤ خۆیەتی بەبیانووی جێگیرکردنی یاساوە ئازادی دەروونی لەخۆیء لەخەڵکی زەوتدەکات.
[7] کۆیلە ئازاد نییە. بی قەناعەتی ئازادی دەخوات، ئاشق، ئازادە. لەئەشقدا ڕێگرێک لەبەردەم هەڵبژاردندا نییە. هەندی شت ئازادیی ڕۆحیء دەروونی دەکوتێت. وەکو نەفرەت، ڕقء کینەء حەسودیء ...
[8] لەمێشکی ئێمەدا سەنتەرگەلێکی هەمەجۆر هەن. هەر سەنتەرە کاری خۆی دەکات. هەریەک لەم سەنتەرانە لەڕووی چۆنیەتییەوە لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازییان هەیە. وێنا لێکدژەکانی مێشک سەبارەت بە خود کە لەساتەکانی ژیاندا دەیانبینینەوە، لەسەنتەرە جۆراوجۆرەکانی مێشکەوە دەردەچێت.
تێبینی:
1.شیعرەکانی ئەم بابەتە هی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییە نەک مەولەوی تاوەگۆزی. (وەرگێڕی کوردی)
2.مەبەست لە زنگار ئەو مادەیەیە کە پشتەوەی ئاوێنەی پێڕووپۆشدەکرێت

[9] . بەشداری سەرەکی لەم منازەرەیەی کە لەگەڵ بوداییەکاندا سازکراوە "پاندیت جاگانات ئاپادهیایا"یە
Pandit Jagannath upadhaya)